# سیمیۆلۆژیای رەنگ و هەڵگرتنەوەی دەلالەتی ئایكۆنە رەنگییەكان لە چەند رۆمانێكی(جەبار جەمال غەریب)دا

**ID No. 642**

(PP 68 - 91)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.SpA.5

**پ.د.سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی**
بەشی زمانی كوردی،كۆلێژی پەروەردە،
زانكۆی سەڵاحەددین-هەولێر
sardar.hasan@su.edu.krd

**م.ی.عبدالستار پیرداود حسن**
بەشی زمانی كوردی،كۆلێژی پەروەردە،
زانكۆی سەڵاحەددین-هەولێر
sttar.perdawd@gmail.com

**الاستلام: 2022/10/05**
**القــبول : 2023/01/13**
**النـــــشر : 2023/10/15**

پوختە :
توێژینەوەكە لەژێر ناونیشانی[سیمیۆلۆژیای رەنگ و هەڵگرتنەوەی دەلالەتی ئایكۆنە رەنگییەكان لە چەند رۆمانێكی(جەبار جەمال غەریب)دا]دایە، هەوڵێكە بۆ رۆشنایی خستنەسەر بابەتێكی دەوڵەمەند و زۆر گرنگ و كاریگەر، لەپێناو ناساندنی سیمیۆلۆژیای رەنگ وەک تێرم و زاراوە و هەڵگرتنەوەی دید و بۆچوونی تویژەران لەرووە (زمانەوانی، فیزیكاسی، سایكۆلۆژی)یەكەیەوە، دواتر خستنەڕووی چەمک و پێناسە و كاتیگۆریاكانی رەنگ و خستنەرووی بەها و بایەخ و پێگە و رۆڵی ئەم بابەتە، كە وەک ئایكۆنێک سیمیۆلۆژی لەنێو هەناوی فەزایەكی فراوانی وەک رۆمان، كە تا ئێستا زۆر بەكەمی وەک توێژینەوەی ئەكادیمی لە هەناوی كۆنتێكستەكانی رۆمان وەک جیهانێكی لێوان لێو لە رەگەز و تەكنیک، قسەی لەسەر كراوە، ئەمە لەلایەک و نیشاندانی لایەنە دەلالەتە شاراوەكانی رەنگ وەک فینۆمینەیەكی سایكۆفیزیكی و هەڵگرتنەوەی دەلالەتە ئایكۆنە رەنگییەكان لەودیو ئەو ئیندێكسانەی كەوا وەک گەمەیەكی ئێستاتیكی و فەنتازی خاوەن دەلالەت لەلایەكی ترەوە، هاوكات هەموو ئەوانە لەنێو تان و پۆی راڤە و لێكدانەوەیەكی وابەستە بە تێۆرە سۆسیۆسایكۆلۆژییەكانەوە خوێندنەوەیان بۆ كراوە و بەشوێن هەڵگرتنەوەی مەغزا شاراوەكان و پەیامی نووسەر لەودیو ئایكۆنیەتی ئەم رایەڵە رەنگییە ئێستاتیكاییەوە ، دەست و پەنجە لەگەڵ سەرجەم فینۆمینەكان كراوە.
**كلیلە وشە:** رەنگ وەک ئایكۆن، پۆلینكاری رەنگ، ئەرک و وەزیفەكانی رەنگ، سیمیۆتیكای رەنگ، ئاماژەدەری رەنگ.

## ١/ پێشەكی:

رەنگ وەک یەكێک لەو فینۆمینە سایكۆفیزیكییە خاوەن دەلالەتیانەی كە پڕە لە بزاڤ و چالاكی جیاواز، لەنێو تەواوی گەردوون لە سەرەتای ژیانی بەشەرییەتەوە تا ئەو زەمەنە لێوان لێوە لە ئەڵكترۆنیات و دیجیتالییەتەی ئێستا كە بە دونیای جیهانگەرایی ناسێنراوە، بۆیە وەک ئایكۆن و ئیندێكسێكی سیمیۆتیكی پڕ لە دەلالەت دێت ئاوێتەی كایەكان دەبێت و هیچ سنوورێک ناناسێت، نووسەریش وەک خاوەن فیكر و ئەدایەكی ئازاد لەپێناو پێدانی وەزیفەی ئێستاتیكی و لایەنی هونەریی و فیكری و دەوڵەمەندكردنی تێكستەكەی، هاتووە كاری جددی لەسەر چنینی رایەلە زمانیی و] ئێستاتیكی و سۆسیۆسایكۆلۆژی و هەموو ئەو دەلالەتە سیمیۆتیكیانەی كەوا رەنگ وەک ئەتمۆسفێرێک هەیەتی لەنێو فەزای تێكستەكانی جێگەی بۆ كردوونەتەوە وە خستوویەتیە نێو بەرگێكی مێتافۆری بۆ ئەوەی لەلایەک هەڵگری دەلالەتێكی سیمیۆتیكی و ئێستاتیكایی بێت، لەلایەكیتریش دیوی ئەودیوی نائاگایی و لایەنە سایكۆلۆژییەكانی كاراكتەرەكانی رۆمانەكانیمان بۆ تەوزیفبكات و پێمان بناسێنێت، تێكستەكانی(جەبار جەمال غەریب) وەک رۆمان پڕە لەو وێنا و بەرجەستە جوانانەی نووسەر، بۆ ئەم مەبەستەش رەنگ وەک فینۆمینەیەكی ئیندێكسهەڵگر رۆڵێكی گرنگ و كارای هەیە، بۆیە ناسین و جیاوازبینینی فیگۆری رەنگ رۆڵی لە ناسین و خوێندنەوەی جیا جیا و لێكدانەوەی فرە دەلالەتیانەی مەتنی تێكست هەیە، نووسەر ئاگایانە دەست و پەنجەی لەگەڵ سەرجەم رەنگەكانی نێو هەر سێ بازنەی رەنگە(سەركییەكان، لاوەكییەكان، بێلایەنەكان)دا نەرمكردووە لەرووی كاتیگۆریای رەنگەوە، هەر رەنگێكیش لە دیدگای نووسەرەوە دەلالەت لە چەند رووگەیەكی فیكری و ئێستاتیكی دەكات.

**1/١ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:**

(سیمیۆلۆژیای رەنگ و هەڵگرتنەوەی دەلالەتی ئایکۆنە رەنگییەکان لە چەند رۆمانێکی(جەبار جەمال غەریب)دا)

**2/1: هۆی هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە:**

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی بابەتی رەنگ وەک ئایکۆنێکی سیمیۆتیکی خاوەن دەلالەت و جومگەیەکی کارای نێو کۆنتێکستەکان لە لایەك و ئەو هەموو ئەرک و وەزیفە و کاتیگۆریا و کلێشەبەندێتیەی رەنگ و سەرجەم ئەو گۆرانگارییە پڕ لە ئێستاتیکا و هونەر و چێژەی کە ئایکۆنیەتی رەنگ بەسەر تەکنیکی رۆمانی ئەم نووسەرە داهاتووە لەلایەکی ترەوە .

**3/1: گرنگی لێکۆڵینەوەکە:**

بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەمانەن:

- لە بەشی تیۆردا هەوڵدراوە سوود لە سەرجەم ئەو تێرم و چەمک و پێناسە و کاتیگۆریا و کلێشبەندێتی و روئیا جیاوازانەی کەوا توێژەرانی نوێگەر بۆ ئەم بابەتە خستویانەتەروو، وەربگیرێت.
- هەوڵدراوە رەنگ وەک ئایکۆنێکی سیمیۆتیکی فرە دەلالەت لەهەناوی کۆنتێکستە جیا جیاکانی چەند رۆمانێکی ناوازەی(جەبار جەمال غەریب)ی رۆماننوس، بخرێنەروو و دیوە شاراوەکانی هەم لەرووی تیۆرە سۆسیۆسایکۆلۆژییەکان و هەم لەرووی راڤە و لێکدانەوەی سیمیۆلۆژیانەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، ئەمەش لەپێناو هەڵدانەوەی زیاتری دیوە شاراوەکانی کایە رەنگییەکان و مەتن و پەیامەکانی نووسەر.
- هەوڵدراوە سودێکی زۆر لە ستراتیژیەتی کارکردەیی ئەو مێتۆدە پۆست بونیادگەرییەی کەوا سیمیۆلۆژیای ناوە وەربگیرێ، لەپێناو هەڵگرتنەوەی ئیندێکسییەتی رەنگ و رووە وەزیفە ئێستاتیکییەکانی.

**4/1: سنووری لێکۆڵینەوەکە:**

توێژینەوەکە تایبەتە بە ئایکۆنییەتی رەنگ و هەڵگرتنەوەی دەلالەتە رەنگییەکان لەروانگەی سیمیۆلۆژیاوە، بۆیە تەنها رەنگمان وەرگرتووە لە چەند رۆمانێکی(جەبار جەمال غەریب)دا.

**5/1: گرفتی لێکۆڵینەوەکە:**

لەبابەتی توێژینەوەکەماندا، دووچاری هەندێک ئاستەنگ بووینەوە، لەوانە:

کەمی لێکۆلینەوەی ئەدەبی بەپشت بەستن بە میتۆدی سیمیۆلۆژیا لە رۆمانی کوردیدا لەلایەک، لەلایەکی تر ئەو لێکۆلینەوانەی کە باسیان لە بابەتی رەنگ کردووە لێکۆلینەوەیان بۆ تەرخانکردووە، هاتوون بەشێوەیەکی گشتی باسیان لێوەکردووە، لە چوارچێوەیەکی بەرتەسک لێی دوواون، نەهاتوون لە تێروانینێکی سیمیۆلۆژیانە خوێندنەوە بۆ کایە رەنگیەکان بکەن بەشێوەیەکی تایبەت.

**6/1: میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:**

بەو پێیەی توێژینەوەکە کارکردنە لە لێکدانەوە و خوێندنەوەی تێکست لە سەر هەڵگرتنەوەی سەرجەم ئەو تێرم و چەمک و پیناسە و کاتیگۆریاکانی رەنگ لە دیوە تیۆرییەکەیەوە لەلایەک، هەڵگرتنەوەی دەلالەتە شاراوەکانی رەنگ لەسەر چەند ئاست و ستراکچەری جیا جیا، هاوکات هەڵگرتنەوەی لایەنە سایکۆلۆژی و ئێستاتیکائامێز و مەغزا شاراوە زمانییە رەنگییە چنینکراوەکان لەلایەکی ترەوە لەدیوە پراکتیزەیەکەیەوە، بۆیە بنەڕەتی ڕێبازی ئەم توێژینەوەیەش، ڕێبازی (سیمیۆلۆژی)یە.

**7/1: پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:**

بەگشتی توێژینەوەکە لە پێشەکی و پێشگەشت و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەیەك بە(زمانی کوردی و ئینگلیزی)پێکدێت؛ بەشەکانیش بەم شێوەیەن:

تەوەرەی یەکەم: باس لە رەنگ کراوە لەرووی هەریەک لە:( رەنگ وەک تێرم لەرووگەی هەریەک لە(زمانەوانی، فیزیکناسی، سایکۆلۆژی)ەوە و چەمک و پێناسەکانی ناونیشان ، کاتیگۆریا و کلێشبەندیەتی ناونیشان بەشێوەی گشتی و بەشێوەی تایبەتی لای نووسەر، سیمیۆلۆژیای شیعرییەتی رەنگ، کاتیگۆریای پۆڵبەندی رەنگ، هەموو ئەمانە بەشێوەیەکی تۆکمە و فراوان باسی لێوەکراوە. تەوەرەی دووەم: بە ناونیشانی(سیمیۆلۆژیەنای رەنگ و هەڵگرتنەوەی دەلالەتەکانی رەنگ لە چەند رۆمانێکی(جەبار جەمال غەریب)دا، دایە، هەوڵدراوە لەنێو راڤە و خوێندنەوە و لێکدانەوەیەکی سیمیۆتیکییەوە بەشوێن هەڵگرتنەوەی سەرجەم ئەو زمان هێمایە رەنگییەی کە چیننکراوە بە فرە مەدلوولیەت و تیمەی شاراوەی نووسەر لەپێناو بارگاویکردنی ئایکۆنیەتی رەنگ بە رایەڵەی سۆسیۆسایکۆلۆژیی و مەعریفی و فکری و ئێستاتیکییەوە کە خۆی لەخۆیدا دەبێتە چەشنە دەوڵەمەندکردن و فراوانکردنی ئەتمۆسفێری ئەو ئایکۆنیەتەی کە رەنگی ناوە کە وەک مرواری بەنێو هەناوی تێکستدا دەدرەوشێتەوە.

**2/دەسپێک:**

رەنگ یەکێکە لە ئایکۆنە ئیحائامێزە سیمیۆتیکییەکان، خاوەن ستراکچەرێکی سەربەخۆیە، فینۆمینەیەکی فیزیکیی سروشتییە، گەردوون و سروشت منداڵدانیەتی، خاوەن تۆبۆگرافیایەکی دەوڵەمەندە لە ئیحابەخشین، خاوەن تان و پۆیەکی کراوەیە لە دەلالەت، بۆیە دەست و پەنجە نەرمکردن لەتەک ئەتمۆسفێری ئەم ئایکۆنە گەردوونییە، کارێکی دژوار و سەختە، ئەمەش بەوپێیەی کەوا لەلایەک رەنگ لە رووگە سیمیۆ-هیرمنیۆتیکییەکەی خاوەن دەلالەت و لێکدانەوە و مەدلوولات و خوێندنەوەی فرەیەو، وا بەئاسانی ماناکانی خۆی نادات بەدەستەوە، لەلایەکیترەوە لە رووگە زانستی و تەنانەت سەرجەم ئەم روئیا و کێشمەکێشە دیالێکتیکییە فەلسەفیانەی کەوا دەیانەوێت دەست و پەنجە لەگەڵ ئەم ئایکۆنە ئیندێکسهەڵگرە نەرمبکەن، کەچی هێشتا زۆری ماوە لە ناوک و جەوهەری ئەم بونیادە سەربەخۆیە تێبگەن، بۆیە هەر لە دیرزەمانەوە تاوەکو ئەم زەمەنە مرۆڤ لەهەوڵی هەڵگرتنەوەی دەلالەت و راڤە و خوێندنەوە و کردنەوەی کۆدەکانی ئەم بوونەوەرەی کە ناوی(رەنگ)ە، کۆششدەکات، بۆیە ئەوەی تا ئێستا مرۆڤ لەرێگەی چ راڤە و شیکاری فیکری و فەلسەفییانە بێ چ لە رێگەی لۆژیکی و زانستی بێ، بە نەهێنییەکانی رەنگ گەیشتووە، توانیویەتی هەندێک لایەنی نارۆشن رۆشنبکاتەوە و توانیویەتی رێژەی ترس لەخۆیدا لەبەرامبەر ئەم بوونەوەرەی کەناوی (رەنگ)ە، کەمبکاتەوە، هەربۆیە بەهۆی ئەم رۆشناییەی کە لەسەر بەها و گرنگی رەنگدا کۆیکردوونەتەوە(لەدوو لایەن سوودمەند بێت ، هەم بۆ تێگەیشتن لە خودی(رەنگ) و هەم بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی لەسەر مرۆڤ و بیرکردنەوە و سەرجەمی ژیانی)(عەلی و عەزیز، ٢٠١١: ١٠)هەموو ئەمانە وایکردووە رەنگ رۆڵی پڕ بەهای لەژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەدا لەهەموو روویەکەوە(خواردن و خواردنەوە، جلوبەرگ و مۆدە، کەرەستەکان، دیزاین، ...تاد)هەبێت، بۆیە دەتوانیین بڵێین: رەنگەکان بەشێکی دانەبڕاون لەژیانی ئێمەدا و ناتوانین لێیان جیاببینەوە، بۆیە رەنگەکان بەهەموو جیاوازی و کاتیگۆرییەکانی بەشێکن لە سروشت و بوونمان.

**3/چەمک و پێناسەی رەنگ:**

**1/3رەنگ لەرووی زمان و زاراوەوە:**

بەوپێیەی رەنگ بەشێکە لەژیانی مرۆڤەکان و رەگەزێکە لە رەگەزە گرنگەکانی لایەنی ئێستاتیکا و جوانکاری بوون، کاتێک رەنگەکان لە سروشتدا بەیەکەوە کۆدەبنەوە و دەبن بە کوتلەیەک، دونیایەک سکێچ و وێنە لە رەنگ دەخوڵقێنن و سەرنجمان بۆلای خۆیان رادەکێشن و کاریگەری لەسەرمان دروستدەکات و چەندین وێنا لە زەینماندا دەسازێنن و دەبن بە گرێدانەوەی پردی پەیوەندی لەتەک رەنگەکان، بۆیە دەشێ بڵێین: لەرووی زمان و زاراوەوە وا خۆی هەڵدەگرێتەوە بەوەی (رەنگ تەنێکە، هەروەک رەش و سوور، رەنگەکانی فرەن، رەنگی هەموو شتێک، ئەوەی لەوانی تری جیادەکاتەوە تێکەڵکردنی رەنگەکانە، رەنگی گۆڕاو و رەنگاو رەنگی هەیە بەواتە فرەیە)(المصري، ٢٠١٤ :٤٤)، هەربۆیە هەمیشە رەنگ لەنوێبوونەوە و جیاوازی خستنەوە و گۆڕانکاری دایە و فرە رایەڵە، بەڵام کاتێک لە رووی تێرم و زاراوەوە لە رەنگ دەڕوانیین، دەبینیین بەمشێوەیە لەنێو پێناسەی ئینسکلۆپیدیای نوێ وا خۆی هەڵدەگرێتەوە، بەوەی(ئەنجامی هەستپێکردنی چاوە بۆ شەپۆڵە جیاوازەکان، کاتێک کە رووناکی لەهەر شتێک، دەشکێتەوە، هەندێک لەو شەپۆڵانە هەڵدەمژێت و هەندێکیشیان بەپێچەوانەوە هەڵدەگەڕێتەوە، ئەو بەشانەی کە هەڵدەگەڕێنەوە کاریگەری لەسەر خەلایەکانی چاو دەکات، ئیدی ئەوکات هەست بەرەنگەکان دەکەین، واتە بەرجەستەی دەکەین و دەیناسینەوە)(المصري، ٢٠١٤ :٤٤)(طالو، ١٩٩٣: ١٦٣).

ڕەنگ هیچ حەقیقەتێکی نابێ ئەگەر ڕووناکی ئامادە نەبێت، بەواتە ئەوکاتە ڕەنگ دەتوانێت وجودی خۆی بسەلمێنێت و حەقیقەتی ئەو ئۆنتۆلۆژیای خۆی بەیانبکات، کاتێک توانی پردی پەیوەندی پەیوەندی و کارلێکی لەگەڵ چاومانەوە گرێبداتەوە، چونکە چاو وەک ئەندامێکی هەستەوەر ڕێگە بە ئیدراککردنمان دەدات(عبدالهادي، ٢٠٠٦: ١٣)کەواتە حەقیقەتی دەرکەوتنی بوونی ڕەنگەکان لەرووی ئۆنتۆلۆژییەوە وابەستەیە بەو کوتلە شەپۆڵە ڕووناکییەی کە بەر شتەکان دەکەوێت، ئەوکات ڕەنگ شێوگێک وەردەگرێت و خۆی جیادەکاتەوە لەگەڵ تەواوی تەنەکانی تر، واتە بەوپێیەی کەوا ڕەنگ دەکەوێتە نێو بازنەی بەرکەوتن و کارلێکەوە وەک هەر تەنێک یا سیفەتی تەنێکەوە، ناچاردەبین لەرووی زانستی فیزیاوە ئاوڕ لە ستراکچەر و دەرکەوتەی ڕەنگەکان بدەینەوە.

**3/2**ڕەنگ لە دیدگای زانستی فیزیاناسییەوە:

بەو پێیەی حەقیقەت و بوونی ڕەنگ وابەستەیە بە پردی پەیوەندی کارلێکی نێوان خۆی و کوتلەی ئەو شەپۆڵە ڕووناکییەی کە بەریدەکەوێت، کەواتە(ڕەنگ بریتییە لە سیفەتی تەنێک و دەبێتە ناسنامە و جیاکاری لەنێوان ئەوانی دیدا)(ڕەئوف، ٢٠١٨: ٣٩)بەواتە ڕەنگ دەتوانێ وەک ئایکۆنێکی تر جا چ وەک شێوگێک یا وەک سیفەتی تەنێک یا وەک هەر شتێکیتر خۆی وەک پێکهاتەیەکی سەربەخۆ و فینۆمینەیەکی فیزیکی نمایشبکات و ببێت بە خاوەن شوناسێک کە خۆی جیابکاتەوە لەگەڵ سەرجەم ئایکۆنەکانی تر، بەوەی کاتێک شۆڕدەبینەوە بۆ هەڵگرتنەوەی چەمک و پێناسەی ڕەنگ لەدیدگای لێکدانەوەی تیۆری بیرمەندانی زانستی فیزیاییەوە، دەڵێین: (ڕەنگ بریتییە لە کوتلەیەک لە شەپۆلی ڕووناکی جوڵاو کە لە ڕێگەی ئەندامی هەستەوەری چاوەوە، کە جێکەوتێکی بایۆلۆژی لەسەر تۆڕی چاوەوە جێدەهێڵێت)(عبید، ٢٠١٣ :١٢-١٣)کەواتە دەگەین بەو حەقیقەتە زانستییەی کەوا ڕەنگ بریتییە لە شەپۆلی ڕووناکی کە وەک کوتلەیەک لە ڕەنگی جیاوازدا دەردەکەوێت و دەدرەوشێتەوە و دەست و پەنجە لەگەڵ تەواوی بەشە هەستەوەرییەکانی چاوەوە نەرمدەکات، کەواتە هەستکردن بە ڕەنگ لای مرۆڤ بریتییە لە ئیحساسکردنێکی فیزیکی و دەکەوێتە نێو بازنەی فیزیاناسییەوە، وەک ئەوەی فیزیاناسان دەیبینن و وا پێناسەکانیان هەڵدەگرنەوە بەوەی(ڕەنگ ئیحساسێکە، هەرچەندە بوونی نییە لەدەرەوەی سیستەمی دەماری بوونەوەرە زیندووەکان، بەواتە ڕەنگ زیاتر بریتییە لە کاریگەرییەکی فسیۆلۆژی کەلەسەر تۆڕی چاو و بەشەکانی ئەو ئەندامە جێدەهێڵێت و لەم ماوەیەدا بەشداری ڕەنگەکان دەبینرێن)(حسن، ٢٠١٨: ١٤)، (المصري، ٢٠١٤ :٤٥).کەواتە ڕەنگ بەبێ هەستەوەری چاو لەلایەک و بوونی شەپۆڵی ڕووناکی لەلایەکیترەوە، هیچ بەهایەکی نییە و نابێ، هەربۆیە دەبینین ڕەنگ لای کەسانی نابینا هیچ ئەهمیەتێکی نییە و بایەخی پێنادەن، کەواتە لێرەدا دوابەدوای ئەم لێکدانەوەیەی تیۆزانانی زانستی فیزیا لەبابەت فینۆمینەی ئۆنتۆلۆژیای ڕەنگ و دەرکەوتەکانی دەگەین بەو حەقیقەتەی کەوا (ڕەنگ دیاردەیەکی فیزیاوییە و سروشت سەرچاوەکەیەتی)( حەمەد، ٢٠١٢، ٣٧٨)هەربۆیە هەر لەزووەوە تا ئەمێستاکەش مرۆڤ لەگەڵ ڕەنگ ژیاوە و دەژیت و بەردەوامیش لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕەنگدایە، بۆیە فیزیاناسان بۆ دەستنیشانکردنی ڕەنگەکان، ئاماژە بە سێ فاکتەری دەرەکی دەکەن(بڕوانە المصري، ٢٠١٤: ٤٥). کە بریتیین لە:


١: فاکتەری مەودای شەپۆڵەکە(طول الموجة): ئەمەش پەیوەستە بە لەخۆگرتنی شەپۆڵی ڕووناکی وەک ڕووناکی خۆر، کە دەتوانرێ لەڕێگەی شێوگی ئەندازەیی(موشور مثلثي-Triangular prism)کە شێوگێکی سێڕەهەندە و بنکەیەکی سێگۆشەیی هەیە، گەر ڕەنگەکان پەرشبکەینەوە، حەوتڕەنگی(پەڵکەزێڕین - قوس قزح -Rainbow) مان دەستدەکەوێت، کە فینۆمینەیەکی سروشت-فیزیاییە کە لەدەرئەنجامی شکانەوەی ڕووناکی خۆر لە ماوەی دڵۆپی ئاوی بارانەوە دروست دەبێت، ئەو توێژەرە فیزیاناسانەی کەوا بەم بابەتەوە خەریکبوون و توێژینەوەیان لە بابەت دروستبوونی ڕەنگەکانەوە کرد، گەیشتن بەوەی کەوا (شەبەنگ) لە حەوت ڕەنگ پێکدێت کە ئەوانیش بریتیین لە : (بنەوشەیی، نیلی، شین، سەوز، زەرد، پرتەقاڵی، سوور).

٢: فاکتەری ڕوونپاکی(عامل النقاء): ئەم فاکتەرەش پەیوەستە بەو ڕێژەیەی کە لەنێوان ڕەنگەکان و ئەو بەشە ڕوونەی کە تێیدایەتی بەوەی کە چەندە ڕوون و پاکە.

٣: فاکتەری بریقەداری(عامل النصوع): ئەم فاکتەرەش پەیوەستە بە بڕی ئەو ڕووناکییەی کە گواستراوەتەوە یان ڕەنگی داوەتەوە لەسەر ڕەنگ، کە توانامان دەداتێ بۆ دەستکەوتنی ژمارەیەکی فرە لە ڕەنگەکان و بەشەکان و لقەکان، هەموو ئەمانە بەپێی درێژی ئەو شەپۆڵە ڕووناکییەی کە لەڕێگەی هەستەوەری چاو دەبینرێن. لەوانە:

**3/3ڕەنگ لە ڕوانگەی سایکۆلۆژییەوە:**

بەو پێیەی ڕەنگ دیاردەیەکی سروشتییە و ڕەگەزێکە لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی گەردوون، هەر بەو پێیە سروشت دەبێت بە یەکەمین مندالدانی ڕەنگەکان، بۆیە مرۆڤ هەر لە سەرەتاکانی ژیانیەوە لەو ساتەوەی کە چاوی کردۆتەوە بەم گەردوونە، یەکەمین خاڵی جیاکەرەوەی نێوان شتەکان بریتی بووە لە بابەتی ڕەنگەکان، هەربۆیە (لەسەرەتاوە مرۆڤ ڕەنگەکانی پەیوەستکردبوو بە جیهانی بینراوی دەورووبەریەوە)(ڕەئوف، ٢٠١٨: ٤٠)بۆیە پەیوەندی لەنێوان ڕەنگەکان و مرۆڤ پەیوەندیەکی زۆر کۆنە و هەر لە سەرەتای ژیانەوە خاوەن دەلالەتێکی تایبەتمەندە لە ژیانی تاکەکان، بەکارهێنانی ڕەنگ بۆ یەکەمجار دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر، بۆ نموونە دەبینین وێنەی ئاژەڵ بە ڕەنگی سوور و ڕەش و زەرد کێشراون و ڕەنگکراون لەسەر تاقی ئەشکەوتێکی ولاتی ئیسپانیا، تەنانەت لای میسرییە کۆنەکان و چینیەکانیش توانیویانە لە کەرەستەکانی نێو سروشتدا مەرەکەب و ڕەنگ دروست بکەن(عمر، ١٩٨٢: ١٩)تەنانەت لەسەرەتاکانی پێشکەوتنی مرۆڤ و کردەی دەست و پەنجەنەرمکردنەکانی لەتەک بەردەکان، تەختە قوڕینەکان، پارچەی فوخار و دەستنووسە بەردی(papgras) و لوولەییەکان( (Rallکە دەگەڕێتەوە بۆ (٣٠٠٠ساڵ پێش زاین)، دواتر لەسەر پێستی ئاژەڵەکان ئیدی هەنگاو هەنگاو گەشەیان بە بەکارهێنانی ڕەنگ داوە، بەڵام ئەگەر شۆڕببینەوە بۆ نێو ژیاری یۆنانی کۆن سەبارەت بە دەلالەتە ئایکۆنیە ڕەنگییەکان کە پێیان وابوو (ئەم دنیایە جەستەیەکە ڕەنگەکانی هەمیشە بەهۆی کێشمەکێشیی نێوانی (ڕووناکی ڕۆژ و تاریکیی شەو)ەوە دروست دەبێت، وە هەر ڕێکخستنێکی ڕەنگیش هەبێت، ئەوا پێویستە لەنێوان ئەم دوو ڕەنگەدا بێت(سپی ڕەش))(عەلی و عەزیز، ٢٠١١: ١٥) تەنانەت دەبینین ئەرستۆ لە ڕوانگەی خۆیەوە ڕەنگە سەرەکییەکان دەچوێنێت بە هەر چوار ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی دروستبوونی بوون وەک دەڵێت:(ڕەنگە ئاساسییەکان بریتیین لە ڕەنگەکانی ڕەگەزی بوون، واتە ئاو، ئاگر، هەوا، خۆڵ)( ڕەئوف، ٢٠١٨: ٤٠)هەر لەسەر ئەم بنەما ژیربێژییانەوە گەیشتە ئەو حەقیقەتەی کەوا(ڕەنگەکان بە کردەی تێکەڵکردن، دروستدەبن و پەیوەستن بە شارەزایی کەسییەوە)(عەلی و عەزیز، ٢٠١١: ١٥)، (بڕوانە: Cole1993، 33-32:p).یاخود ڕوئیای وایە کەوا ڕەنگەکان دەتوانن یەکبگرن و بەیەکەوە کوتلەیەیەک لە ڕەنگ دروستبکەن، ئەم کێشمەکێش و فرە ڕاوبۆچوونانە هەر لە ئەرستۆوە بگرە تا ئەو زەمەنەی ئێستاکە بەردەوامی هەبووە و هەر بەردەوامە، ئەوەتا ئەگەر ئاوڕ لە سەدەی هەڤدەهەم و هەژدەهەمەوە بدەینەوە، دەبینین ڕاوبۆچوونی جیاواز لەنێوان فیزیکناس و ماتماتیکزانی ئینگلیزی(ئیسحاق نیوتن- Isaac Newton ((١٦٤٢-١٧٢٧) و شاعیر و نووسەر و فەیلەسووفی ئەلمانی (یۆهان ڤۆلفگانگ فۆن گۆتە- Johann Wolfgang von Goethe)(١٧٤٩-١٨٣٢) لەسەر بابەتی ڕەنگ دێتەکایەوە، کەوا هەریەکە لەژێر تایتلی تیۆرێزەیەکەوە دەیەوێ باس لە دروستبوونی ڕەنگ بکەن، کەوا چۆن چۆنی دەخوڵقێن و لەدایکدەبن و نەشونمادەکەن، تەنانەت چۆنێتی جیاوازی و پلەبەندێتی و کاتیگۆرییەکان لە ڕەنگدا دێنەکایەوە، تیۆرێزەکەی نیوتن بریتی بوو لە (بازنەی ڕەنگە سەرەکییەکان – Circle of colors) کە لە دیدگایەکی ماتماتیکیانەی ڕەنگییانەوە لە ستراکچەری ڕەنگی کۆڵیتووەتەوە، بەوەی زیاتر ڕوئیای وابوو کەوا(ڕەنگی(سوور)هەستیانە لە ڕەنگی(پرتەقاڵ)یەوە نزیکە وەک لە ڕەنگی(شین) واتە خاڵی نواندنی ڕەنگی(سوور) نزیکترە لە خاڵی نواندنی ڕەنگی(پرتەقاڵ)) (عەلی و عەزیز، ٢٠١١: ١٦)ئەم دیدگا نواندنەی (نیوتن) کە پەیوەستە بە ئاستی شارەزایی و ژیربێژیانەی تاکەکان دەربارەی دەست و پەنجە نەرمکردنیان لەتەک بابەتی ڕەنگ، ئەمەش زیاتر پەیوەستە بە دیدگا ژیربێژیەکەی (ئەرستۆ)وە کاتێ لەبارەی دروستبوونی ڕەنگەکانەوە دیدگای وایە بەوەی ڕەنگەکان بە کردەی تێکەڵکردن و ئاستی شارەزایی کەسییەوە، ئێمە لە دروستبوون و کاتیگۆرییەکانی ڕەنگەوە نێدەگەین، بەڵام کاتێک (نیوتن) کار بەپێی خاڵی نواندنی ڕەنگ و بەرامبەر دانانی ڕەنگەکان کە تەواو پێچەوانەی ڕوئیا ڕەنگییەکانی (گۆتە)یە، ئەمەش وای لە دیدگاکانی(گۆتە) کرد پێچەوانەی ڕوانگە سایکۆ- فیزیکییەکەی(نیوتن) دەربارەی ڕەنگ، بێت لە ڕوانگە و تیۆرێزەیەکی ترەوە کە پەیوەستە بە(کاریگەری سایکۆلۆژییانەی ڕەنگ)ەوە، بۆیە دەستیکرد بە لێکدانەوە و شیتاڵکاری دروستبوونی ڕەنگە جیاوازەکان، بەوەی کە(ڕەنگەکان لە ئەنجامی تێکەڵبوونی (ڕووناکی و تاریکی)یەوە دێنەبوون، نەک تەنها لەڕێگەی(ڕووناکی)یەوە، وەک (نیوتن) بۆی دەچوو)(عەلی و عەزیز، ٢٠١١: ١٨)تەنانەت ئەو لە دەرئەنجامی بەرامبەرکردنێکی نا دژ پێچەوانەی (نیوتن) کە ئەو باوەڕی بە بەرامبەرکردنی دژ و پێچەوانە بوو، دانا، توانی لە ڕەنگی(سوور) سێگۆشەیەکی گۆشە یەکسان لێپێکبهێنێت، پاشان(سەوز) [کە لە تێکەڵبوونی"زەرد" و " شین" دێتەکایەوە] بەرامبەر ڕەنگی(سوور)ڕاگرت و بەزیادکردنی ڕەنگی(پرتەقاڵ)لە تێکەڵبوونی"زەرد"و"سوور"دێتەکایەوە و ڕەنگی(بنەوشەیی)[کە لە تێکەڵبوونی"سوور" و " شین" دێتەکایەوە] سێگۆشەیەکی هەڵگەڕاوەی گۆشە یەکسانی تری لە هێلکارییەکەیدا چەسپاند)(عەلی و عەزیز، ٢٠١١: ١٨) کە دەتوانین لەم سکێچە بخەینەڕوو:




لە ئەنجامی تێکەڵکاری ڕەنگەکان توانی پلەبەندێتی و کاتیگۆریای ڕەنگەکان شیتاڵبکات و بگات بە دیوی ئەودیوی ڕەنگەکان. بەکاربردنی ڕەنگ لە کلتوورە جیاوازەکان تەنها لەپێناو هەستێکی ئێستاتیکییەوە نییە، بەڵکو خاوەن کارنامە و مەبەست و پەیامی جیاوازە لە دەلالەت هەڵگرتنەوەدا، لەکلتوورێکەوە بۆ کلتوورێکەوە جیاوازە بۆ نموونە (لای ڕۆمانەکان سوور ئاڵای شەڕ بووە، فەرشی سوور بۆ سەرۆکەکانە، بەڵام لە چین بۆ ژنهێنانە) (ڕەئوف، ٢٠١٨ :٤٠)یاخود ڕەنگی (شین) لای جوولەکەکانە ڕەنگێکە بۆ خودا بەکاردەبەن کەچی لای چینییەکان سیمبوڵی مەرگە، لای کلتووری تر ئیندێکسێکە بۆ دەلالەتەکانی جوانی و ڕۆمانسییەت، بۆیە هەموو دەلالەتی ڕەنگەکان لە کلتووری نەتەوەیەکەوە بۆ کلتووری نەتەوەیەکەوە جیاوازە، یاخود دوو ڕەنگە دووانەلێکدژ و پێچەوانەکەی یەکتر(سپی/ ڕەش) کە وەک (ڕۆژ/شەو) یا (ڕووناکی/ تاریکی) خۆیان ڕەنگرێژکردووە و دەلالەتەکانیان هەڵگرتۆتەوە، تەنانەت لەدایکبوونی ڕەنگەکانی تریش لەئەنجامی ڕووناکی و تاریکییەوە هاتونەتە بوون، بەوەی (ڕەنگە کاڵەکان) لە هەناوی ڕووناکی و (ڕەنگە تۆخەکان)یش لە هەناوی تاریکییەوە هاتوونەتە بوون، ئەمە فرە مەدلوولیەت و کردەی بە سیمبوولکردنانەی ڕەنگەکان لەنێو کلتوورە فرە ڕەنگەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم فاکتەرە سایکۆ-فیزیکییانەی کەوا ڕەنگ کاریگەرییەکی بەرفراوانی هەیە لەسەر نائاگایی کۆمەڵگە، تەنانەت زۆر جار وەک چارەسەری نەخۆشییەکانیان بەکاربراون، یا بەو پێیەی کەوا ڕەنگ لەڕووی سایکۆلۆژییەوە کاریگەری لەسەر مرۆڤەکان هەیە(توانای ئەوەی هەیە، کەسایەتی مرۆڤ ئاشکرا بکات چونکە هەر ڕەنگێک چەمکێکی دیاریکراو و دەلالەتێک دەگەیەنێت)(ڕەئوف، ٢٠١٨: ٤١)کەواتە ڕەنگەکان ئەرک و وەزیفەی فرەیان هەیە و لەڕووی ئەداکردنەوە خاوەن ئیمکانیەتێکی گەورەن، هەندێ جار وەک چارەسەری نەخۆشی و هەندێکجار وەک هەڵگرتنەوەی دەلالەتی ئێستاتیکی و هەندێ جاریش وەک گوزارشتی ئامازەیین، کەوەک ئیندێکسێک خۆی لەنێو دونیای ڕیال و جیهانی پڕ فەنتازیا لای هونەرمەندان و نووسەرانەوە خۆی تەوزیفدەکات و تەئویلییەتی فرە بەخۆی هەڵدەگرێ، تەنانەت هەندێجار وەک سیمبوڵێک و جومگەیەکی گرنگ لە دروستکردنی وێنەی ئەدەبی لەنێو کۆنتێکستەکاندا ڕۆڵ دەبینێ و دەبێت بە لایەنێکی ئێستاتیکی و فەنتازی و چەشنە شیعرییەتێک کە تێکستەکەی پڕ دەوڵەمەند دەبێ.

دوابەدوای تیۆرێزەکانی هەریەک لە نیوتن و گۆتە دەربارەی فینۆمینەی ئایکۆنە ڕەنگییەکان، چەندین تیۆرێزەی تر هاتەبوون سەبارەت بە دیدگا و تێڕوانینەکانیان دەربارەی ئەم ئایکۆنە وەک تیۆرێزەی وێنەکێش و شاعیری بەناوبانگی ئەڵمانی(فلیپ ئۆتۆ ڕۆنگ – Philipp Otto Runge)(١٧٧٧-١٨١٠) لەژێر تایتلی ناونیشانی (تیۆری ڕەنگی سێڕەهەندیی لەشێوەی تۆپێک)دا، وە تیۆرێزەی (درکپێکردنی ڕەنگیی – Theory of Color Vision) لەلایەن(ماکسویل - Maxwell)ی فیزیکناسەوە، هەر لەهەمان کاتدا لەلایەن (هێلمهۆلتز - Helmholtz)ەوەش هەمان تیۆرێزە پەسندکراوە، وە چەندانی تریش، هەموو ئەم تیۆرێزەرانەی کەوا دەست و پەنجەیان لەگەڵ ئەم ئایکۆنە ڕەنگییەدا نەرمکردووە، ئەو حەقیقەتە دەسەڵمێنن بەوەی ڕەنگ وەک ئایکۆنێکی سیمیۆتیکی خاوەن بەها و ئیمکانیەتێکی بێسنوورە لە دەلالەتبەخشین لەهەموو کەناڵەکانی ژیان، بۆیە (ڕەنگ پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیان و گەردوون و

سروشت و دەروون و رۆشنبیری و ئاین...هتد هەیە)(رەئوف، ٢٠١٨: ٤١)کەواتە دەکرێ بەوپێیەی رەنگ وەک ئایکۆنێکی سیمیۆتیکی خاوەن دەلالەت کۆمەڵێک ئەرک و وەزیفە لەخۆ بگرێ وەک:

ا: بەشێوگێکی گشتی رەنگ وەک ئایکۆنێکی سیمیۆتیکی رۆڵێکی ئەرێنی لەسەرجەم جومگەکانی ژیان بەهەموو رەهەندەکان هەبووە و هەیە.

ب: لەتەواوی کلتوورەکان ئایکۆنیەتی رەنگ ئاوڕی جددی لێدراوەتەوە لەهەموو رەهەندەکان هەبووە و هەیە، سەبارەت بە دیدگا و تێروانینەکانیان بەشیوەیەکی ئەرێنی لە نائاگایی کۆمەڵگەدا خۆی ڕواندووە و کاریگەری ئەرێنی لە سەرجەم لایەنەکانی(سایکۆلۆژی، سۆسیۆلۆژی، ئەدەبیات، فەلسەفە، ئاین، ئابووری، مێژوو، جوگرافیا، وەرزش، ...تاد) هەبوو، بۆیە رەنگ بریتی بووە لە رەنگ و شوناسە جیاوازەکان.


ج: لە تەواوی تێکستەکاندا رەنگ وەک ئایکۆنێکی سیمیۆتیکی، هێزێکی دەلالی و سیمبوڵئامێزی هەبووە و هەیە و رۆحیەتێکی بەهێز دەبەخشێت بە مەتنی تێکستەکانەوە، ەم هۆیەش تێکستەکان پڕ دەکات لە ئیندێکس و دەلالەت، دەرگا لەسەر کردەی سیمیۆ- تەئویلییەت دەکاتەوە و تێکست لەبەردەم ستراتیژیەتی فرە لێکدانەوە و راڤەگەری(وەرگر - خوێنەر) بە والایی بەجیدەهێڵێت، بۆیە رەنگ دەبێت بە کۆد و سیمبوڵێک بۆ فرە مەدلوولیەتی تر.

**4/پۆلێنبەندێتی و کاتیگۆریای رەنگ:**رەنگ یەکێکە لەو فینۆمینە سایکۆفیزیکییە پڕ بزاڤ و چالاکییەی کە لەنێو تەواوی کەناڵەکانی بوون جێگەی بایەخە، وەک ئایکۆن و ئیندێکسێکی سیمیۆتیکی پڕ لە دەلالەت دێت دەست و پەنجە لەگەڵ تەواوی کایەکان لەنێو ئەتمۆسفێرێکی رەنگاڵەیی نەرمدەکات، خاوەن بونیاد و شوناسێکی جیاوازە، بە زمانی ئەلف و بێی پڕ لە دەلالەتی تایبەت بەخۆی دێت قسە لەسەر تەواوی کایەکان دەکات و دەدوێت، زمانێک لێوان لێو لە(سیمبوڵ- ئیندێکس – مێتافۆر – ئایکۆن) هەروەک چۆن لەنێو فەزا و ئەتمۆسفێری شێوەکاریدا، هەر رەنگێک خاوەن ئەدا و دەلالەتی تایبەت بەخۆیەتی لە ئیحابەخشین و ماناپێدانەکان، چونکە رەنگەکان چوون ئەزموونێکی مۆدێرن خاوەن جەوهەرێکی ئاماژەیی هێماین(برادبري و ماكفارلن، ١٩٩٥: ٢٤)وەک چۆن رەنگی(سوور)ئیندێکسی بەرخودان و شۆرشە و رەنگی(سپی) ئیندێکسی ئاشتی و ئاوەدانییە و رەنگی(رەش) ئیندێکسی نائومێدی و نەهێلیستییە و رەنگی(سەوز) ئیندێکسی سروشتئامێزییە و رەنگی(زەرد) ئیندێکسی بێدەرەتانی و سیسبوون و هەژارییە و رەنگی(شین) ئیندێکسی روونی و خۆشییە و رەنگی(پەمەیی) ئیندێکسی جوانی و رۆمانسییەتە و رەنگی(قاوەیی)ئیندێکسی نوستالیژیا و ئینتمایە بۆ خاک...هتد، ئیدی بەو شێوەیە هەموو رەنگەکان خاوەن زمانێکی ئاماژەیی تایبەت بەخۆیانن لەنێو کلتووره جیاوازەکاندا، بۆیە هەر رەنگێک هەڵگری جۆرێک لە ئیحا و دەلالەتی تایبەت بەخۆیەتی لای خودی وەرگر، کە نەمەتێک لە وروژاندن و سەرنجڕاکێشی دروستدەکات، بۆیە درکپێکردنی ئەم زمانە ئیندێکسهەڵگرە پێویستی بە ئاگاییەکی مەعریفیانەی فراوان هەیە لە بابەت ئەپستیمۆلۆژیای رەنگەکان،لەهەمان کاتدا ناوە ناوە پێویستی بە ئەپدەیتکردنەوەی ئەم مەعریفەناسییە رەنگییانەوە، چونکە بەردەوام ئەم ئایکۆنە رەنگییانە لە بزاڤ و جووڵەی بەردەوام و فۆرمگۆڕیندا خۆیان هەڵدەگرنەوە،لە ئەتمۆسفێرێکەوە بۆ ئەتمۆسفێرێکیترەوە دەلالەتەکانیان دەگۆڕن و بەردەوام لەنوێبوونەوەدا هەناسە دەدەن، چونکە(رەنگ تەنها بریتیی نییە لەو وەسفەی دەیبینین، بەڵکو رەنگ هەڵگری پەیامە و هێزی پەیامەکەش، هێزی رەنگەکە پیشاندەدات، بۆیە رەنگ هەڵگری پەیامێکی راست و پەیامی مرۆڤایەتییە)(رەئوف، ٢٠١٨: ٤٥)کەواتە هەر رەنگێک بۆ خۆی خاوەن مەغزا و پەیامێکە، خاوەن دەلالەت و ئیحابەخشینێکە بەپێی شوێن و کەرەستە و ئەتمۆسفێرەکان تەئویلییەتی جیاوازی هەیە، بەواتە فرە زمان و فرە راڤە و فرە هێمایە، بۆ هەر کایەیەک لێکدانەوە و راڤەیەکی سیمیۆ-هیرمنیۆتیکانەی هەیە، کەواتە رەنگ لە جەوهەردا خاوەن ئیمکانیەتێکی فرەیە و بەردەوام لە بزاڤکاریدا جەستە و شوناسی خۆی هەڵدەگرێتەوە، هەر بۆیە(هێشتا ئەم هەموو زانینە هەنووکەییەی مرۆڤ نەیتوانیوە لە روانگەی زانستی پەتییەوە نە لە روانگەی دید و بۆچوونی فەلسەفییانەوە شیکردنەوەیەکی گونجاوی پڕ مەودا بۆ خودی(رەنگ) بخەنەروو)(عەلی و عەزیز، ٢٠١١: ١٦)بەو پێیەی رەنگ خاوەن ئەو هەموو توانا شاراوەیە بێت، کەواتە لە جەوهەردا لەرووی پۆڵبەندێتی و کاتیگۆرییەوە خاوەن چەندین کاتیگۆریای جیاواز بێت، بۆ یە رەنگەکانیش وەک هەر بوونەوەرێکی تر خاوەن چەندین پۆڵین و بازنەی هەمەڕەنگبن لەرووی جۆرێتییەوە، بێگومان ئەم پۆڵێنبەندێتییە بێهودە نییە بەوەی کە رووگەیەکی پەتی هەبێت، بەڵکو دەبێت لەرێگەی سیستەم و بەرنامەی تایبەت بەخۆی سیستەمکرابن، کەواتە رەنگەکان خاوەن هۆکار و دۆخ و ئەتمۆسفێری تایبەتن، بۆیە

بەپێی سەرجەم یاسا و رێساکانی دەتوانین ئاماژە بە دیارترین و بەناوبانگترین پۆلێنبەندێتی و کاتیگۆریای رەنگەکان بکەین،کە ئەوانیش بریتیین لە: کاتیگۆریای رەنگەکان بەپێی شێوەپێدانیان(التكوين)کە ئەویش دابەشدەبێت بۆ سێ بازنە، کە ئەوانیش بریتیین لە:

**1/4بازنەی یەکەم: بازنەی رەنگە سەرەکییەکان(الألوان الأساسية - Primary colors)**: ئەم بازنەیە تایبەتە بە لەخۆگرتنی سێ ڕەنگی سەرەکی کە ئەوانیش بریتیین لە:(سوور و شین و زەرد) ئەم سێڕەنگە لەبەر ئەوەی لەتوانایان دا هەیە، دوای کردەی تێکەڵکارییان سەرجەم رەنگە لاوەکییەکانمان بۆ بەرهەم بهێنن بە هەموو پلە ماتماتیکیەکانیانەوە کە لە دونیای ریاڵ بەرچاومان دەکەون، هەروەها لەبەر ئەوەی هیچ یەکێک لەو رەنگە لاوەکییانە ناتوانن ئەو سێڕەنگەمان بۆ بەرهەمبهێنن، ئەم سێڕەنگە بۆ زۆر لە نەخۆشییە دەروونییەکان یا بارگرژیی دەروونی و هەندێجار بۆ کاری دیکۆرات بەکارهێنراون، ئەمەش بەو پێیەی رەنگی(سوور) سیمبولی هێز و ئینەرجییە و رەنگی (شین) سیمبووڵی ئارامی و بێدەنگییە و رەنگی(زەرد)یش سیمبووڵی خۆشنوودی و چالاکییە.

هاوکات لەبابەت ئەم سێڕەنگە سەرەکییە بیروبۆچوون و دیدگای جیاواز هەیە وەک ئەو دیدگا رەنگییەی کەوا ئەم سێڕەنگە بە رەنگە سەرەکییەکان دانراوە هەروەک لە سەدەی هەژدەهەم و بەتایبەت لە دیدگای رەنگیی(نیوتن)ەوە دوای تاقیکردنەوە لەسەر رەنگەکان و پرۆسەی تێکەڵکاری بۆی دەرکەوت کەوا ئەم سێڕەنگە بریتیین لە رەنگە سەرەکییەکان، هەرچەندە روئیا و بیروبۆچوونی جیا جیاش هەیە چ لەو سەردەم و چ لە ئێستاشدا بەوەی رەنگی سەوز بەوپێیەی زیاتر بەکاردێت و بەکارهاتووە، بۆیە رەنگە سەرەکییەکان بریتیین لە(سوور و شین و سەوز)وەک لەلایەن (لێژنەی نێودەوڵەتی رووناکی)یەوە زیاتر چەسپێنراوە(عەلی و عەزیز، ٢٠١١: ١٦)هەروەها بیروبۆچوونی تر هەبوو لە سەردەمی ئەسکەندەردا وێنەکێشەکان رەنگەکانی(رەش و سوور و زەرد و سپی)وەک چوار رەنگی سەرەکی بەکاریانهیناوە(حەمەد، ٢٠١٢ :٣٧٩). بیروبۆچوونی زۆر هەن، بەڵام بە بیروبۆچوونی ئێمە دوای گەڕانێکی زۆر بەنێو سایت و ماڵپەڕە ئەلکترۆنییە ئەورووپییەکان لەبابەت ئیمەیج و وێنەکان لە گۆگڵ کە بەرێژەیەکی زۆر بەربڵاو ئەو وێنەیەیان داناوە، کە بریتیین لە سێڕەنگە سەرەکییەکەی (سوور و شین و زەرد) وەک ئەوەی کە وەک لای نیوتن و زۆر لە شارازایانی بواری رەنگ سەلمێنراوە بەوە کە بە ئاسانی دەتوانرێت لە پیشەسازی رەنگدا، لەو سێڕەنگە سەرەکییەدا رەنگە لاوەکییەکانی لێبەرهەمبهێنرێت(عثمان، ٢٠٠٧، ٩٢-٩٥)ئەو سێڕەنگە سەرەکییە نوێنەرایەتی هەستەوەرەکان دەکەن وە لە توانایان دا هەیە لەرووی پێکهاتەوە ببن بە منداڵدانی چەندین رەنگی تر، ئەویش لە رێگەی کردەی ئاوێتەکردن و تێکەڵکاری ئەو سێڕەنگە دەتوانن رەنگی تر بەرهەمبهێنن(الصقر، ٢٠١٠: ٦٤)ئەم رەنگە لاوەکییانەی کە لە دەرئەنجامی پرۆسەی تێکەڵکاری ئەم سێڕەنگە سەرەکییە لەدایکدەبن بریتیین لە لیستێک لە رەنگ کە پێکدێت لە دوانزە رەنگ، سێیانیان سەرەکین (سوور و شین و زەرد)و سێیانیان لاوەکین (سەوزی تۆخ و بنەوشەیی کاڵ و پرتەقاڵی) و شەشیان دووانەی ناوەندین(پەمەیی و بنەوشەیی تۆخ و سەوزی شینباو و سەوزی گیایی کاڵ و پرتەقاڵی زەرد و پرتەقاڵی سوور).




درێژی مەودای شەپۆڵە رەنگە سەرەکییەکان بەمشێوەیە:

- ]ڕەنگی سوور: ٦٣٠-٧٠٠ نانۆ مەترە.
- ڕەنگی زەرد: ٥٧٠-٥٩٠ نانۆ مەترە.
- ڕەنگی شین: ٤٥٠-٤٩٠ نانۆ مەترە[.

**2/4 بازنەی دووەم: بازنەی ڕەنگە لاوەکییەکان(الألوان الثانوية – Complementary colors):ئەم** بازنەیە بە بازنەی ڕەنگە تەواوکەرەکان یا ڕەنگە لاوەکییەکان ناسراوە، کە لەدەرئەنجامی کردەی ئاوێتەکردن و تێکەڵکاری سێڕەنگە سەرەکییەکەوە بەرهەمدەهێنرێن، ئەوانیش بریتیین لە ڕەنگەکانی: (سەوز و پرتەقاڵی و بنەوشەیی) کە سەوزەکە سوورەکە تەواو دەکا و پرتەقاڵی شین تەواو دەکا و بنەوشەیی زەرد تەواو دەکا(عبدالهادي، ٢٠٠٦: ٢٢)لە کردە تێکەڵکارییە سێڕەنگە سەرەکییەکان ئەو ڕاستییە زانستییە ڕەنگییەمان بۆ کەشفدەبێت کە ڕەنگی(پرتەقاڵی)لە دەرئەنجامی تێکەڵکردنی هەردوو ڕەنگی(سوور و زەرد) و ڕەنگی(سەوز) لە دەرئەنجامی تێکەڵکردنی هەردوو ڕەنگی(شین و زەردە) و ڕەنگی(بنەوشەیی) لە دەرئەنجامی تێکەڵکردنی هەردوو ڕەنگی(سوور و شین)ە، ئیدی بەمشێوەیە لیستێک لە ڕەنگە لاوەکییەکان بەرهەمدەهێنرێن، کەوا لە ئەنجامی یەکگرتنی(ڕەنگی یەکەم و ڕەنگی دووەم) ڕەنگی سێیەم بەرهەمهاتووە وەک لەم هاوکێشەیەی خوارەوەدا خراونەتەڕوو:


| ڕەنگی یەکەم | ڕەنگی دووەم | ڕەنگی سێیەم |
|---|---|---|
| سوور | شین | بنەوشەیی |
| سوور | زەرد | پرتەقاڵی |
| شینی کاڵ | سەوز | شەدری(التركواز) |
| سەوز | زەرد | زەردی مۆزی |
| سەوز | سوور | قاوەیی |
| زەرد | سەوز | سەوزی فستقی |
| سوور | شینی کاڵ+ زەرد | قاوەیی تۆخ |
| سوور | شینی تۆخ+ زەرد | ڕەشی تاریک |

هاوکات بۆ ئەوەی ڕەنگی زیاتر و جیاوازیترمان دەستبکەوێت ئەوا دەکرێت پرۆسەی تێکەڵکاریی ڕەنگەکان لەنێوان ڕەنگە لاوەکییەکان خۆیان ئەنجام بدەین وەک ئەم لیستەی خوارەوە:

| ڕەنگی یەکەم | ڕەنگی دووەم | ڕەنگی سێیەم |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| زەرد | بنەوشەیی | زەردی کەموونی |
| زەرد | پرتەقاڵی | زەردی قوڕی |
| شەدری | شین | سەوزی فسفۆری |
| قاوەیی | سوور | سەوز |
| پرتەقاڵی | بنەوشەیی | زەرد |

هاوکات دەشتوانین بۆ هەڵگرتنەوەی زیاتری رەنگەکان و رەنگی جیاوازتر و فراوانکردنی سنووری رەنگەکان، ئەوە ئەو رەنگە سەرەکییانە بەسەرجەم پلەبەندە ماتماتیکییەکانیەوە تێکەڵ بە دوو رەنگە دووانەلێکدژە بێلایەنەکانی (سپی و رەش)یش بکەین،لە دەرئەنجامدا دونیاگەلێک رەنگی جیاواز بەهەموو پلەبندێتیە ماتماتیکییەکانیانەوە بێتە بەرهەم.



کە دابەشبوونە بەسەر سێڕەنگی سەرەکی و سێڕەنگی لاوەکی و شەش رەنگی ناوەند، کە بەشێوەی رەمز کورتکراونەتەوە: [ رەنگەسەرەکییەکان(٣ ر: س)+ رەنگە لاوەکییەکان(٣ ر: ل)+ رەنگەناوەندییەکان(٦ ر: ن) = ١٢ر ].

**3/4:بازنەی سێیەم: بازنەی رەنگە بێلایەنەکان(الألوان المحايدة- Neutral colors)** : بازنەی ئەم رەنگە بێلایەنانە پیکدێت لە دوو رەنگی دووانەلێکدژ و پێچەوانە، کە ئەوانیش بریتین لە رەنگ بێلایەنەکانی(سپی و رەش)، کە لە نێوانیشیاندا پلەبەندی ماتماتیکییەتی جیاواز هەن، بەوەی کاتێک رەنگەکانی ئەم بازنەیە تێکەڵ لەگەڵ رەنگەکانی نێو هەردوو بازنەی یەکەم کە (رەنگە سەرەکییەکان)ە و بازنەی دووەم کە (رەنگە لاوەکییەکان)ە، ئەوا گۆڕانکاری لە پلەبەندێتی و کاتیگۆریای هەردوو رەنگی نێو ئەم بازنەیە دیتەکایەوە، یا رووەو تۆخی یا تاریکی دەڕوا یا رووەو کاڵی یا رووناکی دەڕوا، ئەگەر رەنگە رەشەکە زیادبکەین ئەوا رووەو تاریک یا تۆخی رەنگەکان دەڕوا، وە ئەگەر رەنگە سپییەکە زیاد بکەین ئەوا رووەو رووناکی یا کاڵی رەنگەکان دەڕوا(المصري، ٢٠١٤ : ٤٧)ئەم دوو رەنگە(سپی و رەش)ە، وەک دوو رەنگی جیاواز و دووانەلێکدژن و بەرامبەر یەکتر بەکاردەبرێن، واتە(رەش و سپی وەک نوێنەری هێزی چاکە و

خراپە هەمیشە لەناکۆکیدان، هەردەم دەبێ یەکێکیان ئامادەییان هەبێت و ئەوەی تریان وون بێت، چونکە هەردووکیان لەیەک کات و لە یەک شوێندا بەیەکەوە هەڵناکەن)(حەمەد، ٢٠١٢: ٣٧٨)ریشەی دووانەلێکدژی ئەم دوو رەنگە بێلایەنە لە سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤایەتی هەبووە و تا ئێستاکە درێژبۆتەوە، بەواتە ریشەیەکی لەمێژینەی هەیە، ئەوەتا ریشەی لەنێو دونیای ئەفسانە و حیکایەتە کۆنینەکانی میللەتانی سەر زەمین هەبووە و بەکاریانهێناوە بۆ وەسفکردنی زۆنی هێزی چاکە و زۆنی هێزی خراپە، هەر بەو هۆیەشەوە توانیویانە دەست و پەنجە لەگەڵ زۆر لە فینۆمینە و پرس و تەواوی کایەکان نەرمبکەن لەپێناو گەیشتن بە وەڵامێکی لۆژیکی، ئەوەتا ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ شارستانیەتی یۆنانی کۆن دەربارەی دەروستبوونی رەنگەکان لە دونیای ریالدا، ئەوا روئیایان وابووە کە(ئەم دنیایە جەستەیەکە رەنگەکانی هەمیشە بەهۆی کێشمەکێشی نێوان(رووناکی رۆژ و تاریکیی شەو)ەوە دروست دەبێت و هەر رێکخستنێکی رەنگیش هەبێت، ئەوا پێویستە لەنێوان ئەم دوو رەنگەدا بێت(سپی و رەش))(عەلی و عەزیز، ٢٠١١: ١٥)ئەم دوو رەنگە وەک سەرچاوەیەکی فراوان لە دووانەلێکدژی سەیرکراوە، کە پەیوەستکراون بە دووانەلێکدژی(رۆژ/شەو)، (رووناکی/تاریکی)، (چاکە/خراپە)، (پاکی/ناپاکی)، (دڵخۆشی/دڵتەنگی)، (ئاشتی/شەڕ)، ...تاد، لەنێو ئاینی زەردەشتیدا وەک دوو رەنگی دوو جەمسەری دووانەلێکدژ سەیرکراوە کە پەیوەندی بە ململانێی هەردوو هێزی زۆنەکان کە زۆنی چاکە و زۆنی خراپەیە، بەواتای ئەوەی کەوا رەنگی(رەش) ئیندێکسێکە بۆ دەلالەتی(وێرانەیی، بەد و شووم، تازیەباری، رەشبینی و نائومێدی) بەشێوگێکی گشتی دەلالەتە لە رەنگە نەرێنییەکان، بەو پێیەی وابەستەی دەلالەتە تاریک و بەزیو و شکستەکانە، ئەوەتا لای عەرەبەکان(عەگالی رەش)دەلالەت لە شکست دەگەیەنێت بەوەی کەوا لە مێژوودا موسلمانەکان لە جەنگێکدا لەبەرمبەر سوپای بێباوەڕەکان لە مانگی شەوال و ساڵی سێیەمی کۆچی شکستیانهێناوە(المصري، ٢٠١٤: ٤٨)کەواتە رەنگی رەش خەم و ئازار و شکستە تەنانەت لەهەندێ شوێن ئیندێکسێکە بۆ دەلالەتەکانی ملکەچبوون بۆ خوا وەک لای شیعەکان دەبینرێت، هەروەها رەنگی رەش بووە بە شوناسێک بۆ تەواوی تاکە رەشپێستەکانی کیشوەری ئەفریقیا(لە یارییە ئۆلۆمپییەکاندا بازنەی رەش بووە شوناسی ٧٥%) کیشوەرەکە رەشپێست و ئەسمەرن)(رەئوف، ٢٠١٨: ٥٢). ئەم رەنگەش واتای کۆتایهێنان بە کردەی رەگەزپەرەستی دەگەیەنێت، کەواتە دوو رەنگی(سپی و رەش) وەک دوو رەنگی دووجەمسەری دووانەلێکدژ لەزۆربەی کلتوورە جیاوازەکان بەکارهاتووە، چونکە دوو رەنگی دەوڵەمەندن لەرووی مەغزا سیمیۆلۆژیەکانەوە، بۆیە دەکرێ وەک دوو ئایکۆنی سیمیۆتیکی دووانەلێکدژ دەلالەتەکانیان هەڵبگرنەوە لەبابەت بەئیندێکسکردنی رەنگەکان بەوەی هەر شتێک رەش بوو ئەوە هێمای شوومی و نەگریسەییە و هەر شتێکیش سپی بوو هێمای رۆشنایی و چاکەیە، بۆ نموونە(پشیلەی رەش، مریشکی رەش، سەگی رەش) رەمزی شومییە، بە پێچەوانەشەوە رەنگی سپی رەنگی رووناکی و هیوایە)(رەئوف، ٢٠١٨ :٣٩ )هەربۆیە دەبینیین واتای رەنگی (سپی)یش دراوە بە(ئاشتی) وەک گوتراوە کۆتری سپی کۆتری ئاشتییە، ئەوەتا ئەگەر ئاوڕ لە فینۆمینەی ئەم دوو رەنگە لای هیندییە سوورەکانی ئەمریکاش بدەینەوە، دەبینین رەنگی رەش ئاماژەیە بۆ دونیای فەنا و رەنگی سپیش ئاماژەیە بۆ دونیای زیندەگی دونیای ریال(عمر، ١٩٨٢: ١٦٣).کەواتە رەنگی سپی بە گشتی رەنگێکی ئەرێنییە، ئەگەر شۆڕببینەوە نێو دونیای ئەفسانە و مێتۆلۆژیاکانەوە دەبینین تەنانەت جلی خواوەندەکان بریتیبووە لە جلێکی رەنگ سپی، بەتایبەت لای رۆمانییەکان، تەنانەت لای مەسیحییەکانیش بە رەنگێکی پیرۆز سەیرکراوە، هەروەها لای میسرییە کۆنەکانیش تاجی رەنگی سپی هێمای دەسەلاتگرتنە بەسەر تەواوی میسر، وە لە روئیای گەڵانی جوولەکە خودا خۆی لە رووناکی سپێدەدا نیشان دەدات(بروانە رەئوف، ٢٠١٨ : ٥٤)، (عمر، ١٩٨٢: ١٦٣)کەواتە دەکرێ لەرێگەی راڤە و لێکدانەوە و خوێندنەوەی دەڵالەتیانەی ئەم رەنگانە بگەین بە مەغزا شاراوەکانی شوناسی گەڵانی سەر زەمین، ئەوەش ئەو راستییەمان بۆ دەردەخات بەوەی کەوا رەنگیش وەک کلیل و ئایکۆنێکی سیمیۆلۆژی خاوەن توانایە بۆ شۆڕبوونەوە بۆ نێو ئەتمۆسفێر و فەزای تێکستەکان، هەر بۆ نموونە گەر قورئان وەک تێکستێکی کراوەی پڕ لە هێما وەربگرین، دەبینیین رەنگی سپی هێمای چاکەکاری و سەرکەوتنە.

٥/: سیمیۆلۆژیای رەنگ و هەڵگرتنەوەی دەلالەتەکانی رەنگ لە چەند رۆمانێکی(جەبار جەمال غەریب)دا:

رەنگ وەک ئایکۆنێکی نازمانی ئیندێکسهەڵگر لەنێو دونیای ریال لەتوانای دا هەیە لە رێگەی زمانی ئاماژەوە بەشداری بکات لە گەمەی دەست و پەنجە نەرمکردن لەتەک تەواوی کایە ئیحابەخشە سیمیۆتیکییەکانی نێو کۆنتێکستەکان، بەوپێیەی کەوا خاوەن بونیادێکی دەلالی سەربەخۆیە، فرە کۆد و فرە رەنگە، بونیادێکی دەوڵەمەندە چ لەسەر رووی فۆرمە ئێستاتیکییەکەوە وەک دال، چ وەک جەوهەرێکی بەمەدلووڵکراو، وەک ستراکچەرێکی سیمیۆتیکی خاوەن فەزا و ئەتمۆسفێرێکی چالاک و وروژێنەرە، وەک جومگەیەکی کاریگەر لە زۆربەی تێکستە کۆن و نوییەکان، حیکایەتە پڕ فەنتازیاکان دەبێت بەنێوەندێکی رۆشن و درەوشاوە، هەم

وەک ئایکۆنێکی جوانناسی و هەم وەک کلیلێک بۆ شۆڕبوونەوە بۆ دیوی ئەودیوی نائاگایی جا چ لەسەر ئاستی نائاگایی تاک بێت چ لەسەر ئاستی نائاگایی کۆمەڵگە بێت، ئەو دیوە شاراوە و پڕ لە درز و کەلێنانەی کەوا پڕن لە پرسی فەرامۆشکراو، کەواتە دەتوانیین بڵێین: رەنگ وەک ئایکۆنێکی سیمیۆتیکی توانای بەشاریکردنێکی چالاکانەی هەیە لە نێو سەرجەم جومگە و تەکنیکە گشتییەکانی نێو دونیای مەتنەکان، ئیلیمێنتێکی چالاک و خاوەن ئەدایە، ئەمەش وادەکات لەنێو دونیای جیهانگەرایی و بزاڤی تازەگەر و نوێبوونەوەی ئەدەبیات و مێتۆدە رەخنەییە نوێگەرەکان و تێۆرێزەکاران ئاوڕی جددی لێبدرێتەوە، کە یەکێ لەو مێتۆدە رەخنەییە پۆست بونیادگەرانەش بریتییە لە مێتۆدی سیمیۆلۆژیا، کە بەشەوقەوە ئاوڕی لەم ئایکۆنە هێماهەڵگرە داوەتەوە، ئەمەش بەو پێیەی کەوا رەنگ وەک دیباجەیەک ئەرک و وەزیفەی سیمیۆتەئویلییانەی هەیە لەپێناو شۆڕبوونەوە بۆ ئاستی ژێرەوەی تێکست بە شێوەیەکی گشتی و راڤە و خوێندنەوەی هەموو ئەو دالانەی کەوا لەودیو نەستی کارەکتەرەکان بەشێوگێکی تایبەت، بۆیە دەبینیین ئەم ئایکۆنە رەنگییانە وەزیفەی تایبەتی هەیە لەبابەت پەیامگەیاندن و پەیوەندی بەستن لەگەڵ تاکی خوێنەر، کەواتە رەنگ وەک بونیادێکی سەربەخۆ لەلایەن نووسەرانەوە بەشێوەیەکی ستراتیژی چینی بۆکراوە، واتە هەر رەنگێک لەلایەن نووسەرانەوە شەن و کەوی وردی بۆ کراوە، ئەم وردچنینەش وا لە تاکی خوێنەر و راڤەگەریی سیمیۆتیکی دەکا بەبایەخەوە دەست و پەنجە لەگەڵ ئەم ئایکۆنە نازمانییە هێماهەڵگرە بکات.

(جەبار جەمال غەریب)یەکێکە لەو نووسەرانەی کە بە ئاگاییەکی وورد و لۆژیکییەتێکی سایکۆمەعریفییانەوە دەست و پەنجە لەگەڵ ئەم ئایکۆنە رەنگییانە نەرمدەکات، ئەمەش لە پێناو دوو فاکتەری سەرەکی لەلایەک لەپێناو پێدانی چەشنە جوانکاریەک بە مەتن و فەرشییەتی تێکست، لەلایەکیترەوە هەناسەپێدان بەو ئایکۆنە فرە رەنگانەی کەوا هەر رەنگێک دەلالەتێک و شوناسێک و مەغزایەکی بەخۆ هەڵگرتووە کەوا بارگاوییە بەتوانا سایکۆسۆسیۆلۆژییەکانی کاراکتەرەکان و دیوی نائاگاییانەیان کەوا خۆی لە خۆیدا وەزیفەی کۆکردنەوەی ئەرکەکانی تری نێو ئەتەکێتی نووسین دەگرێتە خۆی، بۆیە ئەم شیعرییەت و ئێستاتیکا بەخشینە بەم ئایکۆنە فرەرەنگە پێویستی بە وریایی و شارەزاییەکی ئەپیستمی و فیکری قووڵ هەیە لە بابەت دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ سایکۆلۆژییەتی رەنگ، بۆیە(جەبار جەمال غەریب) وەک نووسەرێکی خاوەن ستایلی جیاواز و نوێخواز هەمیشە بە سەلیقەوە هاتووە هەناوی سەرجەم ئایکۆنە زمانییەکانی پڕ کردووە لە رەنگ(پیت، برگە، وشە، گرێ، رستە، دەستەواژە و پەرەگرافەکان)، بۆیە لەم چوارچێوەیەوە دەمانەوێت رۆمانەکانی نووسەر بۆ ئەم مەبەستە بخەینە نێو تان و پۆی خوێندنەوەیەکی سیمیۆتیکیانەی رەنگییانە، بەسوود وەرگرتن لە کاتیگۆریاکانی رەنگ و سایکۆسیمیۆلۆژییانەی رەنگ.

١/٥: سیمیۆلۆژیای رەنگە سەرەکییەکان و هەڵگرتنەوەی گەمەی دەلالەتەکان لەنێو چەندرۆمانێکی(جەبار جەمال غەریب)ەوە:

١/١/٥: رەنگی سوور : یەکێکە لەو رەنگە سەرەکییانەی کەوا بە ئاسانی دەتوانرێ لەنێو پیشەسازی رەنگدا و لە کردەی تێکەڵکردن و ئاوێتەکردن لەگەڵ رەنگیتر، رەنگی نوێتر و جیاوازیتر بەرهەمبهێنرێ، کە ئەوانیش بریتیین لە رەنگە لاوەکییەکانی بازنەی دووەم، وەک لە بەشی کاتیگۆرییە رەنگییەکان خستمانەروو، بەوەی لە کردەی تێکەڵکردنی رەنگی یەکەم و رەنگی دووەم رەنگی سێیەم دێتەبوون، بەڵام کاتێک دێینە دیوی ئەو دیوی رەنگەکان بۆ هەڵگرتنەوەی دەلالەتی سایکۆلۆژییانەی مرۆڤەکان دەبینیین هەر رەنگێک دەبێت بە هەڵگری دەلالەتێکی سایکۆلۆژی و نوێنەری ئەو کەسە بۆ نموونە رەنگی (سوور)کە رەنگێکە لە رەنگە گەرمەکان و هەڵگری دەلالەتی(بەرخودان و شۆڕش)ە، لەتوانای داهەیە لەگەڵ رەنگێکی تری گەرم بۆ نموونە رەنگی(زەرد) کە رەنگێکە لە رەنگە گەرمەکان و هەڵگری دەلالەتی(سیسی و هەژاری)یە، بەیەکەوەگرێدانی ئەم دوورەنگە رەنگێکی تر و دەلالەتێکی تر لەخۆیدا هەڵدەگرێتەوە، بەو مانایە دەکەوێتەوە کەوا شۆڕش و بەرخودان پەیوەستە بە چینی رەش و رووت و هەژارەکان کەوا لەلایەن دەسەلاتی چینەکانی تر قۆرغکراوە، ئیدی کۆکردنەوەی هەر دوو رەنگێک لەنیو یەک بۆتەدا هەم رەنگەکەی دەگۆرێت و هەم دەلالەتەکانی دەگۆڕێت، هەر لەم چوارچێوەیەدا دەمانەوێت شۆڕببینەوە بۆ نێو کۆنتێکستەکانی نێو چەند رۆمانێکی(جەبار جەمال غەریب)بۆ هەڵگرتنەوەی حەقیقەت و سایکۆلۆژییەتی دەلالییانەی رەنگە سەرەکییەکان، هەم بۆ هەڵگرتنەوەی ئاستی توانا و شارەزایی مەعریفییانەی نووسەر لەبابەت ئەپستمۆلۆژیای رەنگەکان و بەکاربردنیان بەپێی تیۆری سایکۆلۆژیاوە، ئەوەتا بۆ نموونە لەسەر زاری گێڕەرەوەی پاڵەوان کاتێک لە وەسفی دایک و باوک و زڕ دایکی لەرێگەی بەکاربردنی ئایکۆنییەتی سایکۆلۆژییەتی رەنگەوە، دیوی ئەودیوی بارە دەروونییەکانی کارەکتەرەکانمان بۆ دەخوێنێتەوە کاتێک دەڵێ: (ئەو رۆژەی بابم ژنێکی تازەی هێنایەوە ماڵێ، داکم دوو رۆژ بوو کراسێکی رەش رەشی لەبەر کردبوو، ئەویش کراسێکی سوور ئاودامانی لووسی لەبەربوو، پێلاوی بەبریق و ئەویش هەر سوور، تەق

تەق تەق بەرارەوی ناو چیمەنەکەدا هات، هەموو تەقە تەقێکی رێژێک گوللە بوو لە کراسە رەشەکەی دایکم و دڵی ماڵەکەمانی دەدا، بابم بە رەنگێکی سپیەوە، سپییەک زەردێکی کاڵی پێداکرابێ لە تەنیشتییەوە دەڕۆیشت)(غەریب، ٢٠١٣: ٧٤)لەم پەرەگرافەدا سێ رەنگی جیاواز(سوور، رەش، سپی زەردباو)دەبینین کەوا وەک ئایکۆن و ئیندێکسێکی سیمیۆتیکی کە ئاماژەیە بۆ حالەتی دەروونی سێ کاراکتەر کە ئەوانیش بریتیین لە(باوک، دایک، زڕدایک)ی پاڵەوانی رۆمانەکە، نووسەر رەنگی رەشی داوەتە پاڵ کراسەکەی دایکی حەقیقی پاڵەوان کە ژنی بەسەرداهاتووە، کە لە حالەتێکی زۆر پەشۆکاو و دەروونێکی داتەپیوو و رشبین دا هەناسەدەدات و هیچ تروسکاییەک لە دڵخۆشی لە دڵی دایک بەدیناکرێ، بەوەی نووسەر زۆر ورد لەرێگەی رەنگەوە کە دووجار رەنگی رەش لە کۆنتێکستەکە دووبارە دەکاتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پلەی هێزی حالەتە سایکۆلۆژییەکە، بەوەی کەوا زۆر داخ لەدڵە هەم لە مێردی و هەم لەو ژنەی کە بەسەری داهاتووە، لەرووی پلەبەندێتی و پلە ماتماتیکییەکەی رەنگەکانەوەش دیسان تێکەڵکردنی دوو رەنگی رەش رەنگێکی رەشی تاریکی قەترانیمان بۆ دێنێتە بەرهەم، ئەمەش دەلالەتە لە باری دەروونی دایکەکە، لەبەرامبەر ئەمە رەنگی سوور دەداتە پاڵ کراسی زڕ دایکەکە کە رەنگێکی گەرم و جەزابی جنسییە، بۆ ئەوەی رەنگەکە لە چاوی بینەر سەرنجڕاکێشتر بکات دێت وشەی (لووس) دەداتە پاڵ کراسە سوورەکە، وە بۆ ئەوەی پلەبەندی جەزابییەکە بەهێزتر بکات دێت رەنگی پێلاوەکەش هەر سوور دەکا، (جەبار جەمال غەریب) هاتووە لەهەناوی وشەدا فەزایەکی زۆر نزیک لە دەروونی کاراکتەرەکانی لە رێگەی ئایکۆنیەتی رەنگەوە خوڵقاندووە، لە دوواپشدا دیمەنی ئەو حالەتە دەروونییەی هەر سێ کاراکتەرمان بۆ دەگوازێتەوە بەوەی لەپاڵ ئاماژە رەنگییەکە نووسەر هاتووە دەنگیشی وەک ئایکۆنێکی تری سیمیۆتیکی بەبەر رەنگەکان و حالەتە دەروونییەکەوە داکردووە بەوەی هەر تەقە تەقێکی پێلاوی زڕدایکەکە رێژێک لە گوللەیە بۆ سەر کراسە رەشەکەی دایکی پاڵەوان و دڵی ماڵەکەیان، بەڵام کاتێک دێتە سەر حالەتە دەروونییەکەی باوکی پاڵەوان، نووسەر دێت رەنگێکی سپی زەردباو دەداتە کراسەکەی باوک، ئەمەش ئاماژەیەکی دەلالەتیمان بۆ دەگوازێتەوە بەوەی کەوا دڵی باوک سپییە و پاکبووە لە دوێنییەوە بەڵام لەئێستادا لەبەر هەڵکشانی تەمەنیەوە و نزیکبوونەوە لە مردنەوە رەنگێک زەردباو کەوا دەلالەتی سیسبوون و پوکانەوە و هەڵوەرینە دەداتە سپییەکە و رێژەی پلەبەندێتی رەنگەکە لەرووی ماتماتیکییەتی رەنگەوە دەگۆڕێت، ئەمەش ئاماژیە بۆ (کفن) کەوا ئایکۆنێکی ترە ئاماژەیە بۆ مەرگی کەسێکەوە، کەچی لە شوێنی تر و فەزای نێو کۆنتێکستی تر ئەم هەستە چێژبەخشە لەرێگەی مێتافۆر و زمانی خوازەوە دەچوێنێت بە لافاو کە ئەویش بریتییە لەهەمان کردەی هەڵچوون وەک دەڵێ: (بە دوو پەنجەی باریک و زەرد دەنکە هەنارێک هەڵدەگرێتەوە و دەیخاتە ناو دەمی، وەک لافاوێک لە لەزەت لەناو دەمی تەقی بێت، دەموچاوی گەش دەبێتەوە)(غەریب، ٢٠٠٦ :٤٦)نووسەر لەم وینەیەدا لە رێگەی گرێیەکانی(دوو پەنجەی باریک و زەرد، دەنکە هەنارێک، لافاوێک لە لەزەت) دەیەوێت رەسمی ئەتمۆسفێرێکی تەژی لە گەشبوونەوەی دەموچاوی کاراکتەرمان بۆ بکێشێت بەوەی کەوا لە حالەتێکی سایکۆلۆژی ئەرێنی دا دەژی، ئیدی بەردەوام دەبێت لەسەر هۆنینەوەی ئاماژە دەلالییە یەک بەدوای یەکەکانەوە کەوا هەر هەموویان بارگاوین بە لەزەت و چێژەوە.

نووسەر لە کۆنتێکستیکتردا رەنگی سوور وەک دەلالەتی(خوێنڕشتن)لە پێناو شەڕەف تەوزیف دەکا، لە دەوری کاراکتەرێک بەناوی(شەکیب)ەوە کەوا باوکی سێ منداڵی چاوگەشە دوو کوڕ و کچێک بەناوەکانی(عەبدولباری و قەندەهار و سامخان)، کەوا خەریکی کاری میوەفرۆشتنە لە دوکانەکەیدا، بەڵام رۆژێک بەهۆی ناحالیبوونێک و بەدگومانییەک، بەوەی کەوا عەبدولباری لەگەڵ خوشکەکەی خەریکی دەسبازییە هەرچەندە وانییە، چونکە خوشکەکەی نوستووە، بەڵام ژنە سۆزانییەک بەناوی(شەهلە)ەوە بەهەلدەزانێ کەوا باوک و دایکی عەبدولباری لەماڵ نین، بۆیە دەچێتە ژوورەوە و ژێر بەتانییەکەی عەبدولباری کەوا نووستووە، بەڵام لەناکاو کە شەکیب دێتەوە شەهلە رادەکا و بەتانییەکە دەخاتە سەر عەبدولباری و سامخانی خوشکییەوە، بۆیە کاتێک شەکیب ئەمە دەبینێت بە هەڵە خوێندنەوە بۆ رووداوەکە دەکات، لەبڕی ئەوەشدا هەر سێ منداڵەکەی دەداتە بەر گوللە و خوێنیان دەڕێژێت(سەد جۆگەڵەی خوێن، لە سێ لاشەی گەرمەوە رێچکەیان بەست، یەکسەر بۆ نێو کاڵەکەکان رێچکەیان بەست، چوونە بن تەماتە و هەنار و باینجانەکان)(غەریب، ٢٠٢١: ١٥)لەم پەرەگرافەدا وشەی(خوێن) دەبینین کەوا لەهەناوی خۆیدا رەنگی سوور ئایکۆنەکەیەتی، واتە ئەگەر ئاماژە بە رەنگی سووریش نەکا ئەوا هەر ئاماژەی پێداوە بەڵام بە فۆرمێکیتر.

لە شوێنێکی تر و کۆنسیپتێکی تردا(جەبار جەمال غەریب) وەک نووسەرێک دێت ئایکۆنیەتی رەنگی سوور وەک ئاماژەیەکی دەلالی لە چەمکە بەمەدولکراوەکانی(ستەم و ستەمکاری، خوێنڕشتن)لە وێنەی ژیانی سەرۆک هەڵدەگرێتەوە، بەواتە دەیەوێ بڵێ ژیانی سەرۆک لێوان لێوە لە ستەمکاری و چەوسانەوە، بەتایبەت لەو کۆمەڵگە دۆگمابوانەی کەوا ملکەچن بۆ ژێردەستەیی و کۆیلەبوون و خەسێنراون(خەساوەکان.. مێتافۆرێکن بۆ روونکردنەوەی دینامیک و کاریگەری ستەمکاریی) (رەفیق، ٢٠٠٣: ١٥٥)کەواتە نووسەر

دەبەوێت لە ڕێگەی ئایکۆنیەتی ڕەنگی سوورەوە کەوا دەلالەت لە خوێنڕشتن و ستەمکاریی دەکات، دەست بەرێت بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕە پڕ خوێنەکانی ژیانی سەرۆک، ئەوەتا وەک دەڵێت: (ڕۆژ بە ڕۆژ لاپەڕە سوورەکانی ژیانی سەرۆک زیاتر دەبوون، بە قەلەم و ماجیک و بۆیەی سوور لاپەڕەکانیان دەرازانەوە، هەتا نەخشەی شار و شەقام و کۆڵانەکانیان بە سوور دەکێشا، تاقگە و شیری منداڵان و ئاوی خواردنەوەی ماڵانیشیان خوێنیین دەڕەنگاند)(غەریب، ٢٠١٤: ٩٦)لەم پەرەگرافەدا ژیانی سەرۆک و سیستەمە ستەمکارییەکەی ژیان پڕ دەکات لە ڕەنگی سوور کە ئاماژەیە بۆ خوێنڕشتن کە لە ڕێگەی تەنزێکی سوورەوە کەوا ماجیک و بۆیەی ڕەنگی سوورە گشت شوێنێکی نێو لاپەڕەکانی ژیانی سەرۆک بە (شار و شەقام و کۆڵان و تاقگە و شیری منداڵان و ئاوی خواردنەوە)ش لێوڕێژدەکات لە ڕەنگی خوێن، هەڵگرتنەوەی هەموو ئەو ئاماژە دەلالییانە لەلایەن نووسەرەوە لەپێناو ئەوەی نەفرەت لە چەمکی ستەمکاری و تەواوی ئەو سەرۆکانە بکات کەوا ژیانیان پڕ دەکەن لە ڕەنگی سوور کەوا هێمایە بۆ خوێنڕشتن و چەوسانەوە و سیستەمی دیسپۆتیکییەت.

٢/١/٥: ڕەنگی سەوز : ئەم ڕەنگە یەکیکە لەپێکهاتەی بازنەی یەکەم کەوا پەیوەستە بە ڕەنگە سەرەکییەکان، کە ڕۆڵێکی کارای هەیە وەک ئیندێکسێکی سیمیۆلۆژی خاوەن دەلالەت لەپاڵ هەردوو ڕەنگی سوور و شینەوە، هەرچەندە دیدگای جیاواز و کێشمەکێشی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی کەوا ئایە ڕەنگی سەوزیش یەکێکە لە ڕەنگە سەرکییەکان یاخود نا، ئایە ڕەنگی زەرد لەشوێن سەوزە یاخود ڕەنگی سەوز لەشوێن ڕەنگی زەردە لەتەک دوو ڕەنگە سەرەکییەکەی تر کەوا سوور و شینن، کە لەماوەی پێشوودا بە درێژی خستنومانەتەڕوو، لێرەدا بۆ ئەوەی ئێمە خۆمان لەو کێشمە کێشە و جەدەلییەتە ڕزگار بکەین، هاتووین هەر چوار ڕەنگمان وەرگرتووە لەنێو چەند ڕۆمانێکی(جەبار جەمال غەریب) ئەمەش بەو پییەی هەر چوار ڕەنگ خاوەن ئەدا و وەزیفەی سەرەکین لەنیو پرۆسەی ئاوێتەکاری ڕەنگە سەرەکییەکان لەپێناو بەرهەمهێنانی ڕەنگە لاوەکییەکان، بۆیە نووسەر زۆر شارازایانە و توانا و سەلیقەیەکی مەعریفەی ڕەنگناسییەوە هاتووە لەنێو تێکستەکانیدا دەست و پەنجە لەگەڵ ئەم ئایکۆنە ڕەنگییە نەرمدەکات و چەندین دەلالەتی سیمیۆتیکی بە باکگراوەندێکی سایکۆمەعریفی و سایکۆسۆسیۆلۆژی دەخاتەروو، ڕەنگی(سەوز) لەنێو دونیای ئاماژەگەلی ڕەنگییەوە ئاماژەیە بۆ مەدلوولەکانی(سروشتناسی، چاکەکاری، بەخشین، میهرەبانی، گەشبینی)(علي، ٢٠٠١: ١١٣) ئەوەتا نووسەر لە کۆنتێکستێکدا دەلالەتەکانی ڕەنگی سەوز بەکاردەبات بۆ واتاکانی(پاکی، جوانی، سادەیی و ڕوونی) کەوا وەک سیفەتێک بۆ کاراکتەرێکی کچ لە ڕەنگ و تامی باران وەک دەڵێ: (کچەی سەوز، کچەی شووشە، کچەی یەک گەڵا)، (ئەو کچە سەوزە بارانەی لە پشت شووشەکانەوە جۆلیۆسی پیر و پڕ ئیمانی لەگەڵ خۆی برد)(غەریب، ٢٠٠٩: ١٠٤)لەم چەند ڕستەیەدا وشەکانی(کچەی باران، شووشە، پیر و پڕ ئیمان) دەلالەتن لە ماناکانی دڵروونی و پاکی هەریەک لەو دوو کاراکتەرە، ڕەنگی سەوزیش وابەستەی سەزبوون و نوێبوونەوەن بەهۆی بارانەوە بۆیە دراوەتە پاڵ ئەو کچەی لە باران دەچێت، کەواتە ڕەنگی سەوز وەک ئایکۆنێک ئاماژەیە بۆ ڕۆحێکی سروشتئامێزانە وەک ئەو نموونەیەی کەوا کچەی کراس سەوز چۆن چۆنی(ئۆڕانۆس)ی کاراکتەر دەستەمۆ دەکا کاتێک دەڵێ: (کچێک بە کراسێکی سەوزی کاڵەوە، دێت و بێ قسە و چرپە دادەنیشێ و ئۆڕانۆس سەر دەخاتە سەر شانی چەپی)(غەریب، ٢٠٠٩: ٥٨)لەو چەند ڕستەیەدا ڕەنگی(سەوزی کاڵ)دەبینین کەوا دراوەتە پاڵ ئەو کچەی کەوا ئۆرانۆس دەستەمۆ دەکا بە جوانییەکانی، سەوزی کاڵ دەلالەتە لە دڵیکی فەریک لە سروشت، واتە سەوزە گیای تازە، کەوا هێشتا ژیان نەیهاڕیوەو تاریکی نەکردووە، بۆیە پۆشینی پۆشاک و ئێکسسواراتی ڕەنگی سەوز لەلایەن تاکەکانەوە دەلالەت لە میهرەبانی و دڵفراوانی و سەفا..تاد دەکا، زۆرجار ئەم ڕەنگە لەرووی پڵەبەندی ماتیکییەکەیەوە دەتوانێ سایکۆلۆژییەتی کەسەکەمان بۆ بخاتەروو بۆ نموونە وەک لەم کۆنتێکستەدا کاتێک گێڕەرەوە وەسفی کاراکتەری بەرامبەر دەکا وەک دەڵێ: (دوو هەفتەیە بەهەمان پانتۆڵە سەوزە تۆخەکەت و بلوسە فستەقیە کاڵەکەتەوە، بەهەمان پێڵاوە ناسک و لووت باریک و ڕەشەکانتەوە، بەهەمان بۆنی مازۆلینەوە، بەهەمان دەنگ و چرپە و لێوی شەرمنتەوە، بەهەمان سیحر و ڕۆیشتنتەوە، دەتبینم)(غەریب، ٢٠٠٦: ١٧٢)ئەگەر لە ڕوانگەیەکی سیمیۆهێرمنیۆتیکانە لەلایەک و ڕووانینێکی سایکۆئێستاتیکیانەوە لە ڕستەکانی نێو ئەم کۆنتێکستەدا بڕوانیین ئەوا بەر ئەتمۆسفێرێک لە ڕەنگ، دەلالەت، ئیندێکس، هێما دەکەوین کەوا نووسەر لەڕێگەی چنینی ڕەنگەوە لە هەناوی وشەکان و وەسفی کاراکتەرەوە لەنێو تێکستەکەدا ڕوواندوویەتی بۆ ئەوەی باری سایکۆلۆژیای کاراکتەرمان بۆ ڕەسمبکات، (ڕەنگی سەوزی تۆخ، سەوزی کاڵ(فستقی))، لەپاڵ ڕەنگی ڕەشی پێڵاوەکان و بۆنی مازۆلینەوە کەوا دەکاتە دوو ئایکۆن یەکێکیان ڕەنگ و ئەوەیتریان بۆن، لەپێناو جوانی بەخشین و ویقارپێدان بە کاراکتەرەوە کەوا چەندە شیکپۆشە، دەیەوێت لەڕێگەی ئەم ئایکۆنانەوە هەم وەسفی جوانی کاراکتەرمان بۆ بکا و هەم جوانییەکی فەنتازی بە فەزای گێڕانەوەکە بدات، پێدانی ئەم دوو ڕەنگە سەوزەش لەپێناو هەڵگرتنەوەی ئاماژە و هێمایەکەوە بووە، چونکە(ڕەنگی سەوز ڕەمزی


نوێبوونەوە و سەرچاوەیەکی هیوابەخشە، سەوزایی سروشت و ئاماژە بە نوێبوونەوە و بەرگی گەشە و پێگەیشتنی بەروبووم دەکات)(حەمەد، ٢٠١٢: ٣٨٥)کەواتە کۆکردنەوەی ئەو هەموو شتە لەپێناو ئەوەی بڵێ ئەم کاراکتەرە لەرووی دیوی ناوەوە زۆر دڵخۆش پڕ لە هیوایە، لەشوێنی تر و کۆنتێکستی تر ئەم ئایکۆنە رەنگییە هەر بەهەمان شێوە دەلالەت لە نوێبوونەوە و نەشونما و سەوزبوونەوەی ئومێد و هیوایە لە ناخی کەسەکەوە، ئەوەتا لە وەسفی دیوی ناوەوەی(سەرەوەر)ی کاراکتەرەوە چۆن رەنگی سەوز وەک ئایکۆنێکی سیمیۆتیکی دەکات بە ئاماژەیەک بۆ دەروونێکی گەش و چۆن چۆنی ئەو رەنگە سەوزە دەبەستێتەوە بە ناخ، ئەو ناخەی کەوا رۆژانێک پڕ ببوو لە ئازار و خەم و وشکیکردبوو، بەڵام جارێکی تر ئەو کانییانەی ناخی سەرەوەر دەگەشێننەوە و پڕ دەبن لە ئاوەوە کەوا رەمزی سەرلەنوێ ژیانەوەیە، وەک دەڵێ: (سەرەوەر لەناخەوە سەوز بۆوە، هەموو ئەو کانییانەی لە ناخیدا، رۆژ بەرۆژ ئازار و خەم بەسەریاندا کشابوو، هەموو ئەو کانییانەی رۆژ بەرۆژ لە ناخیدا وشکیان کردبوو کەوتنەوە قوڵپە قوڵپ)(غەریب، ٢٠١٨: ٢٦٢)یاخود زۆر جار بەکارهێنانی ئەو رەنگە لەپاڵ رەنگەکانی تر لەلایەن نووسەرەوە لەپێناو بەخشینی هارمۆنیەتێکی ئێستاتیکایانەیە، ئالووالایی بەخشینە بە رەنگەکان، کە چۆن چۆنی بەیەکەوە دەتوانن ئاهەنگی رەنگەکان سازبکەن، کە یەکێک لەو رەنگانەش بریتییە لە رەنگی سەوز کەوا بوژانەوە بە رەنگەکان دەدات و دەبێت بەبوژانەوەی دڵەکان(کە دڵ بریسکایەوە و شەوقی بڵاوکردەوە، رەنگی دنیا لە خۆڵەمێشییەوە دەگۆڕێ بۆ سپی، بۆر و تاریک و زەردوویی نامێنن و دەگۆڕێن بۆ ئاڵ و سوور و سەوز و شین، هەموو رەنگەکان لەسەر نەخشاندنی ژیان شەڕیان دەبێ)(غەریب، ٢٠١٨: ٣٠٣-٣٠٤)نووسەر لە رێگەی بەرامبەر راگرتنی وشەکان و دووانەلێکدژی رەنگەکان دەیەوێ وەسفی نەخشاندنی ژیانمان بۆ بکات و پێمان بلێ کەوا چۆن چۆنی بووژانەوە و بریسکە و شەوقی دڵ لە هەر کەسێکەوە گەر هەبوو دەبێتە مایەی ئاوەدانی و گۆڕانکاری لە رەنگە تاریک و رەشبینیەکانەوە رووەو رەنگە کاڵ و هیوابەخشەکانەوە کەوا بەم شێوەیە بەرامبەر دەبنەوە وەک ئەم هاوکێشەیە:

| رەنگە تاریک و رەشبینییەکان | رەنگە گەش و هیوابەخشەکان |
| --- | --- |
| خۆڵەمێشی | سپی |
| بۆر | ئاڵ |
| تاریک | سوور |
| زەردوویی | سەوز یا شین |


٣/١/٥: رەنگی شین : یەکێکترە لەو رەنگە سەرەکییانەی کەوا لەتەک رەنگەکانی(سوور، زەرد، سەوز)دەکەوێتە نێو بازنەی یەکەمەوە، یەکێکە لە رەنگە ئەرێنییەکان کەوا هەر لەزووەوە مرۆڤ خۆشیویستووە دەروونی پێحەساوەتەوە، چونکە(رەنگی ئارامی و بێدەنگی و هاورێیەتی و بیرکردنەوەیە، چونکە پەیوەستە بە ئاو و ئاسمانەوە)(رەئوف٢٠١٨: ٤٧)ئاسمان بۆیە رەنگی شینە، چونکە ئەم کۆنسێپتە لای جولەکەکان رەنگی خوایە، هەربۆیە یەکێکە لە رەنگە دەوڵەمەندەکان کەوا خاوەن دەلالەتێکی فراوانە، رەنگێکە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لەخۆ دەگرێت، بەوەی هەم رووناکی خوایە هەم رووەکانی مەرگە وەک لای چینییەکان وا خۆی هەڵگرتۆتەوە(عبدالفتاح، ١٩٧٤: ١٦٤-١٦٦) کەواتە دەگەین بەو حەقیقەتەی کەوا رەنگی شین وەک ئایکۆنێکی سیمیۆتیکی خاوەن دەلالەت، خاوەن سنوورێکی فراوانە لەرووی دەست و پەنجە نەرمکردنەکانی لەتەک کایە دەلالییەکانەوە وەک(روونی، ئاسودەیی، ئارامی، حەوانەوە، پشوو، تێرامان، بەرپرسیاریەتی، خەیاڵێکی رۆمانسیانە، بەرەکەت، متمانە، پیرۆزیی، هیوا، خۆشەویستی، ..تاد) هەموو ئەمانە بە لەونێک لە لەونەکان لە ساتی بەرکەوتنەکان دەردەکەون، هاوکات ئەم دەولەمەندێتییەی رەنگی شین لەرووی پلەبەندێتی ماتماتییکیانەی رەنگییەوەش دەرکەوتووە بەوەی کەوا فرە شێوەیە(شینی تۆخ یا شینی تاریک) پەیوەستبوونە بە دونیای مردن و نێو گۆڕی تاریکەوە بۆیە لیرەدا واتای رەشبینی لەخۆی هەڵدەگرێتەوە(شین نوێنەری(تاریکی/ رەشبینی)یە)(عەلی و عەزیز، ٢٠١١: ٢٠) بەڵام رەنگی(شینی کاڵ، شینی ئاسمانی، شینی ئاوی) زیاتر پەیوەستە بەخۆشنوودی، ئارامی، هیوا، ئاسودەیی دەروون، ئەگەر لەم چوارچێوە دەلالەتییانەی رەنگی شینەوە لە رۆمانەکانی(جەبار جەمال غەریب) بڕوانین دەبینین نووسەر توانیویەتی بە وردیی و شارەزاییەکی تۆکمەوە لەرووی سایکۆفیزیکی رەنگییەوە دەست و پەنجە لەگەڵ دەلالەتی ئەم رەنگە نەرمبکات و هەناوی وشەکان بەم دەلالەتە رەنگە خواییە بارگاوی بکات وەک دەڵێ: (لەگەڵ دەنگی هەر پەمۆی مجێورەکە ناو و دەنگی خودا لە شێوەی

شەپۆڵی شیندا سەربانە و سەربان بلاودەبۆوە)(غەریب، ٢٠١٤ :١٤)لەم پەرەگرافەدا نووسەر بە خواستنی کۆنسیپتێک لەنێو کلتووری جولەکەکان بەوەی دەلالەتی رەنگی شین لای ئەوان یەکسانە بە رەنگی خوا و بەوەوە پەیوەستی کردووە، دێت دەلالەتە ئاماژەیەکانی خۆی هەڵدەگرێتەوە، هەر ئەم خواستنە کۆنسێپتە جوولەکەیەیە کەوا دراوەتە پاڵ بەردێک(بەردە چاوزار) کە بەردێکە بە رەنگی شین روپۆشکراوە کە رەنگی خوایە و بۆیەش بە پیرۆزکراوە کە وێنەی چاوێکی لەسەر کیشراوە، ئیدی ئەم بەردە بووە بە ئایکۆنێک کەوا ئاماژەیە بۆ پارێزگاریی لە چاوزاریی و حەسادەتی کەسانی بەرامبەرەوە، (جەبار جەمال غەریب)یش بەهەمان شێوە لەسەر زاری یەکێک لە گێرەرەوەکان ئاماژەی بۆ کردووە(ئەو تاوێک بێدەنگ دەبێ و دەست دەبات، پارچە مروارییەک، بەردێکی شین دەخاتە دەستی ژنەکەوە و دەڵێت: (ئەوە یادگاری من، تازە تەسلیمی خەنجەر بووم، بۆ هەمیشە لەبیرم کە)(غەریب، ٢٠٠٩: ١٩) کەچی لەشوێنیتر ئەم ئایکۆنە رەنگییە دەلالەتی تر بەخۆی هەڵدەگرێت وەک(جوانی، چێژ، لەززەت، رۆمانسییەت) ئەوەتا نووسەر بە پۆشاکی ژنانی بەخشیوە(لەوەختی پێکەنیندا پەنجە باریک و درێژ و سپییەکانی دەخستە سەر شانی خوشکم، تەنها من دەمدی، خوشکم لەشی سپی و سۆڵی لە بن مەکسیە شینەکەیەوە کرژ کرژ دەبوو)(غەریب، ٢٠٠٦: ٦٩)کەواتە رەنگی شین رەنگی جوانی و ناسکییە و لەگەڵ لەشی سپی و سۆڵی کچە توانیویەتی جوانییەک و رەونەقیەتێک لەسەر زاری گێرانەوەی گێرەرەوە لە رێگەی ئەم وشە بارگاویکراوەی بە رەنگ بەر چاوی خوینەر دەکەویت و سەرنجی بۆ لای ئەو هەستە رۆمانسییەتە رادەکێشێت، هەندێجار ئەم هەستە پڕ لەجوانی و دلڕفێنەی کە لەنیو سروشتدا دەڕژێ و جوانییەک بە چاوی بینەر دەبەخشێت و دەبێت بە دڵنەواییەک و پشوویێدانێک بە دەروونی ئەو کەسە(ئاوێکی شین شین، نەتدەزانی دەجوڵێ، تاڤگەیەک هەر کەف، لە بەرزییەکەوە، بەرزی چی؟ تۆ بڵێ لە ئاسمانەوە هەڵدەڕژا)(غەریب، ٢٠٠٦: ٥٦)یا هەندێجار نووسەر رەنگی شین لەگەڵ ئاهەنگی رەنگەکانی تر دادەنێت بۆ ئەوەی ئەتمۆسفێرێک لە رەنگ، تقوسێکی فەنتازی لە رێگەی ئەو رەنگانە لە ئەندێشەی خوێنەر بخوڵقێنێ لەلایەک جوانی برژێنێ وەک ئایکۆنێکی هونەری و ئێستاتیکی، لەلایەکی ترەوە وەک ئایکۆنێکی ئیندێکسهەڵگری سیمیۆتیکی دەرکەوێ.

٤/١/٥: رەنگی زەرد : یەکێکیترە لەو رەنگە باوانەی کەوا بەو پییەی خاوەن ئاماژەی جیا جیایە، بۆیە دەبێت بە نوێنەری دەلالەتەکانی(رووناکی، ژیان، جوانی ژن، سەرچاوەی ووزە، ئازادی، پارێزەری، کزومەلوولی، هەژاری و کەمدەرامەتی، شەکەتی، خەجالەتبوون و شەرمنی، زەلیلی، سیسبوون و هەڵوەرین، مردن...تاد)، ئەم رەنگە هەرچەند یەکێک نییە لەو سێرەنگە سەرەکییەی کەوا لەلایەن لێژنەی نێودەوڵەتی رووناکییەوە چەسپێنراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بیروبۆچوونی تر هەن کەوا پشتگیری ئەو رەنگە دەکەن وەک رەنگێکی سەرەکی، ئەوەی گرنگ بێت ئەوەیە ئەم رەنگە بەوپییەی خاوەن دەلالەتی ئاماژەیی فراوانە و مەدلوولاتی چەمکی زۆر بەخۆی هەڵدەگرێت وەک ئەوانەی خستمانەتەروو، کەواتە دەگەینە ئەو حەقیقەتەی کەوا رەنگی زەرد یەکێکە لە رەنگە باوەکان، گەرمەکان، سەرەکییەکان، کەوا لەنێو ژیانی رۆژانەدا زۆر بەکاردێت، چونکە رەنگێکە نزیکە لە رووناکی خۆر بەپێیی تیۆری سایکۆلۆژییانەی رەنگەکانەوە و دەبێت بە نوێنەری دەلالەتێکی سایکۆلۆژی لای مرۆڤەکان، کەواتە رەنگی((زەرد) نوێنەری(رووناکی/گەشبینی(یە (عەلی و عەزیز، ٢٠١١ :٢٠) ئەم رووناکی و گەشبینییەش بۆ دەلالەتهەڵگرتنەوەی چەمکەکانی(ئازادی، هەڵهاتنی خۆری رزگاری و سەربەستی، رزگاربوون لە ژێردەستی و کۆیلایەتی...تاد)لای ئەو گەلانەی کەوا بێ شوناس و بێ نیشتیمانن و بەپێچەوانەشەوە رەنگی سەوز بۆ هەبوونی نیشتیمان بەکاربراوە(حەمەد، ٢٠١٢: ٣٩٦).




تەنانەت هەندێجار لەنێو کلتووره جیاوازەکان وەک رەنگی رووناکی خوا و پارێزگاری لە نەخۆشی سەیری رەنگی زەرد کراوە، (لای میسرییە کۆنەکان رەمزی خوا(رع) و پارێزگاری نەخۆشیە)(رەئوف، ٢٠١٨ : ٥٧) کەواتە دەگەینە ئەو راستییە رەنگی زەرد لەبەر دەوڵەمەندێتی لەرووی مەدلوولیەتەوە دەتوانیین وەک رەنگێکی خاوەن تان و پۆیی سەیربکەین بەوەی هەم ئەرێنییە و هەم نەرێنییە وەک لەم گرافیکەدا دیارە:





بەواتە هەمر دەتوانێت ببێت بە ئاماژەی دەلالی بۆ چەمکەکانی ژیاندۆستی و هەمر چەمکەکانی مەرگدۆستی، لەمر چوارچێوە ڕاڤەییە تۆرێزەییەوە دەتوانیینین شۆڕببینەوە بۆ نێو کۆنتێکستەکانی نێو چەند ڕۆمانێکی(جەبار جەمال غەریب) بۆ هەڵگرتنەوەی ئەو ئاماژە دەلالەتییانەی کەوا لە ڕەنگی زەردەوە بەردەبنەوە، ئەوەتا لە کۆنتێکستێکی نێو یەکێک لە ڕۆمانەکانی نووسەر ڕەنگی زەردی وەک لایەنێکی جوانناسیی پڕ لە شەوقی فەنتازی بۆ فۆرمی ژن گوازتۆتەوە و بەکاریبردووە کە لەسەر زاری یەکێک لە گێڕەرەوەکانی کارەکتەرێکی سەرەکی نێو ڕۆمانەکە بەناوی(مۆغ)ەوە باسی عەشق و جوانی(ژنی زەرد)دەکات و ڕۆژێکی بۆ تەرخانکردووە و ئەو ڕۆژەی بەو ڕەنگەوە ناویناوە وەک دەڵێ: (ئەو ڕۆژەی ناو ناوە ژنی زەرد، مۆغ پێنج ساڵ خۆی لە وێنەی درزی ڕانەکانی دالیا کە دواتر ناوی نا ژنی زەرد دزیەوە)(غەریب٢٠٠٦: ١٣٣)یا لە کۆنتێکستێکیتری نێو ڕۆمانێکی تر کە لەسەر زاری(بەڵقیس)ی دوور لە کچە جوانەکەی بەناوی(نیان)ە و خەڵکی سلێمانییە کە گیرۆدەی عەشقی کوڕێکی هەولێری بەناوی(سەروەر)ی(مەریەمە ڕەش) دەبێ، کە پێکەوە لە یەکێک لە زانکۆکانی بەغدا خەریکی خویندنن، بەڵام لەبەر هۆکاری کۆمەلایەتی و گڤی کوشتن لەلایەن کەسوکاری نیانەوە خۆیان وندەکەن و بەمر هۆیەشەوە نیان و سەروەر دووردەکەونەوە لە کەس و کاریان ئەوەتا وەک دەڵێ:(من بۆنی کچەکەمر، بۆنی گوڵە زەردەکەی دەکەمر)(غەریب، ٢٠١٨: ٧٨)لێرەدا(گوڵە زەرد) ئاماژەیە بۆ ڕووخسارێکی تەنک و جوانی کچەکە، هەندێجار ڕەنگی زەردی بۆ وەسفکردنی جوانی فۆرمی ڕەگەزی نێریش بەکارهێناوە وەک(پێستێکی زەرد و تەنک، دووچاوی زەرد، سمێلی زەرد) یا بەکاربردن بۆ خەونی تاکەکان وەک (هیوا و ئومێدی زەرد) هەموو ئەمر داڕشتانە دەداتە پاڵ یەکیک لە کاراکتەرە کوڕەکان بەناوی(کەمال دڵشا یا شا میهر) کە لەسەر زاری گێڕەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە(کەمال دڵشا یا شا میهر لەودیو چاویلکە زەردەکانیەوە، لەودیو چاوە زەردەکانیەوە، لەودیو سمێلە زەردەکانیەوە، کەمال دڵشا لەودیوو ئومێدە زەردەکانیەوە، بەهەمان ورياييەوە دەڕوانێ)(غەریب، ٢٠٠٦: ١٩٣) لە شوێنیتر ئەمر ڕەنگە دەداتە پاڵ کراسەکەی نیان کەوا لەگەڵ سەروەر بەیەکەوە دەستی یەکیان گرتووە و لەبەردەمر کۆلیژی ئەندازیاری پیاسەدەکەن(ئەو ڕۆژە نیان کراسێکی زەرد زەردی گوڵەبەڕۆژەیی لەبەردابوو، گوڵێکی زەردی لە قژی دابوو، پێلاوی سپی فلاتی لەپێ دابوو، بەختەوەریشی وەک وردە شەکرلەمە بەدەنگیەوە کردبوو، سەروەر دەستی گرت بەلای کۆلیژی ئەندازیاری شۆڕبوونەوە)(غەریب، ٢٠١٨: ل٢٨٦).

(جەبار جەما غەریب) لەمر کۆنتێکستەدا زۆر بە جوانی و زۆر بە وردی لەشێوەی دەست و پەنجەی(ڤان کۆخ)ی شێوەکار دێت دەست و پەنجە لەگەڵ دوو ڕەنگی نێو سروشت نەرمدەکات کە ئەوانیش بریتیین لە ڕەنگەکانی(زەرد)و(سپی)، وەک دوو ڕەنگی گوڵە حاجیلە یا گوڵەبەرۆژە، کە هەردوو ڕەنگ لەمر پەرەگرافەدا دەلالەتە سیمیۆتیکییەکانیان هەڵگرتۆتەوە، بەوەی ڕەنگی زەردی گوڵەبەڕۆژە واتای دەلالیانەی شەرمە کاتێک لەبەردەمر ڕۆشنایی خۆرەوە سەردادەخات و شەرمر دایدەگرێت، بۆیە نووسەر ئەو شەرمە جوانەی لە گوڵەبەرۆژەو خواستتوە بۆ شەرمر و جوانی نیان(هەندێ وردە شەکرلەمەشی بە دەنگی وەکردبوو) مەبەستی لەوەیە کەوا دەنگی شیرین و سازکردبوو، ئەمەش لەدیوە سایکۆلۆژییەکەوە ئەوەمان پێدەڵێت کەوا نیان لەرووی دەروونییەوە کەوا ئەو ڕۆژە چەندە دڵخۆشبووە، یاخود لە شوێنێکی تر و دیمەنێکی تردا ڕەنگەکانی(زەرد)و(ڕەش) وەک دوو ئایکۆنی ڕەنگی خاوەن دەلالەت بەکاردەبات بۆ پێستی(نیان و سەروەر)، لەهەمانکاتدا دەتوانینیین وەک ئاکتێکی بەمەدلوولکراویش سەیر بکەین بەوەی کەوا ئەمر دوو ڕەنگە دەلالەتە بۆ چەمکی(سیسبوون، تاریکی، نائومێدی) ئەو سیسبوون و نائومێدییەی کەوا لە چاوی هەریەک لە نیان و سەروەردا

دەبینرێن چونکە دوای ئەوەی کەوا درکبەوەدەکەن کەوا باوک و براکانی نیان هاتوونەتە بەغدا و بەشوێن کوشتنی هەردووکیاندا هاتوونە، بۆیە نیان و سەروەر سەرەتا پلانی ژەهرخواردن دەدەن بەڵام دواتر پلانەکەیان دەگۆڕن بەوەی هەردووکیان بەیەکەوە خۆیان دەبەستن کەوا ئەم خۆبەستنەوەش ئاماژە و ئیندێکسێکە بۆ عیشقی گرێدراو و هەمیشەییان تەنانەت لە دونیای دوای مردنیشیانەوە، بۆیە خۆیان فڕێدەدەنە نێو رووباری دیجلەوە، دواتر نووسەر لە وێنەی دوو کۆتر زیندوویان دەکاتەوە، ئەوەتا وەک لەسەر زاری گێڕەرەوەدا دەڵێ: (دوو کوڕە هەرزەکارە ماسیگرەکەش زانییان کوڕ و کچێک، کوڕێکی رەشتاڵە و کچێکی زەرد و پەشمەکی، کەمەری خۆیان پێکەوەبەستۆتەوە و بەجووتە خۆیان فڕێ داوەتە ناو رووباری دیجلەوە)(غەریب، ٢٠١٨: ٣٨٤)هەندێجاریش نووسەر رەنگی زەرد بۆ دەلالەت هەڵگرتنەوە لە(رووانیین لە ئاسۆ، لە هیوا) وەسفی باری سایکۆلۆژیای کارەکتەرمان بۆ دەکا.

٦/: سیمیۆلۆژیای رەنگە لاوەکییەکان و هەڵگرتنەوەی دەلالەتە ئایکۆنە رەنگییەکان لەنێو رۆمانەکانی(جەبار جەمال غەریب)ەوە:

بەپێی سیستەمی دروستبوونی رەنگە لاوەکییەکان لەنێو تیۆری رێکخستنی رەنگەکان لای(گۆتە)، کە لە دەرئەنجام کردەی تێکەڵکاری بنەڕەتی رەنگەکان بە تایبەتی رەنگە سەرەکییەکان لەنێو پیشەسازی رەنگدا، توانی بگات بە سکێچێک لە هێڵکاری رەنگەکان، بۆ نموونە لە ئەنجامی تێکەڵکردنی رەنگەکانی(سوور و سەوز)رەنگی(قاوەیی)هاتۆتەبوون، وە لە دەرئەنجامی رەنگەکانی(زەرد و سوور) رەنگی (پرتەقاڵی)هاتۆتەبوون، وە لە دەرئەنجامی رەنگەکانی(سوور و شین)رەنگی (بنەوشەیی) هاتۆتەبوون، وەک لەبەشەکانی پێشوودا لەشێوەی هاوکێشەیەکدا خستمانەتەروو، ئەگەر سەیر بکەین رەنگەکانی(قاوەیی، پرتەقاڵی، بنەوشەیی) سەر بە بازنەی رەنگە لاوەکییەکانن، کەوا هەریەک لەو رەنگانەش لەنێو کلتوورە جیاوازەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان دەلالەتێک و ئاماژەیەکیان بەخۆ هەڵگرتووە، کە دەبن بە نیشاندانی بارە سایکۆفیزیکییەکە یا دیوە سایکۆلۆژییەکەی مرۆڤەکان، ئەم رەنگە لاوەکییانە دەکەونە نێو سیستەمی رێکخستنی فرە رەنگە جیاوازەکان کە لە هەناوی رەنگە سەرەکییەکان بەردەبنەوە، دواجار دەبن بە هۆکاری دروستبوونی کاتیگۆریا و پلەبەندێتی ماتماتیکییانەی رەنگ، لەو چوارچێوەیەشدا دێیین ئاماژە بە لایەنی باری سایکۆلۆژیای کاراکتەرەکان دەکەین لەنێو کۆنتێکستە جیاوازەکانی رۆمانەکانی(جەبار جەمال غەریب) کەوا زۆر بەئاشکرایی دیار و بەرجەستەن، ئەوەتا لە شوێنێکدا باس لە کردەی موتووربەکردنی رەنگە سەرەکی و رەنگە لاوەکییەکان دەکات، ئەوەش ئەو راستییەمان بۆ دەردەخا بەوەی کەوا نووسەر وەک رۆماننووسێکی شارەزا، خاوەنی سەلیقەیەکی وردە لە تێکەڵکردنی رەنگەکان و توانیویەتی سوود لە تیۆرێزەی رێکخستنی سایکۆلۆژییانەی رەنگ لای گۆتە بکات، ئەوەتا لەسەر زاری گێرانەوەی باخەوانێک دا دەڵێ: (من هەر لەگەڵ درەختەکان ژیاوم، من تەنها دەزانم، گوڵە نارنجی و مۆر و سوورەکان کەنگێ سەر دەردێنن، من تەنها دەزانم ئەو رەنگانە پێکەوە موتوربە بکەم و تێکەڵیان کەم و لێکیان جیاکەمەوە)(غەریب، ٢٠٠٩: ٦٥)بۆیە لێرەدا ئەگەر لەم کردەیەی موتوربەکردنی ئەو سێڕەنگەی کەوا نووسەر خستونیەتەروو(نارنجی و مۆر و سوور) شۆڕببینەوە بۆ هەڵگرتنەوەی رەنگی تر، ئەوا بەمشێوەی خوارەوە، گەشەکردنی کاتیگۆرییانەیان دەبینیین:




تۆپۆگرافیای هەڵکەوتەی هەندێک لە رەنگە سەرەکییەکان و رەنگە لاوەکییەکان

کردەی تێکەڵکاری هەر سێڕەنگ لای باخەوانەکە لەدواجار دەمانبەنەوە نێو راستییەکی زانستی کەوا باخەوانەکە تەواو راستگۆیە لە کردەی موتوربەکردنی رەنگەکان، بەوەی کەوا هەریەکەو خاوەن دەلالەتی خۆیەتی، کەوا باس لە دیوی ناوەوەی ئەو گوڵانە

دەکات کەوا هەر گوڵە و ئاماژەیەک دەدات، بەڵام کۆکردنەوەی هەرسێڕەنگ و ئاوێتەکردنیان ڕەنگەکانی زەردی قووڕی و سەوز دەردەچن کەوا دوو ڕەنگن وابەستەی ژینگەی خاک و سروشتن.

نووسەر لەشوێنێکیتردا دێت باس لە دوو ڕەنگی سەر بە دوو بازنەی جیاواز دەکا کە ئەوانیش بریتیین لە ڕەنگەکانی(قاوەیی)کەوا ڕەنگێکی لاوەکییە، هەروەها ڕەنگی(ڕەش) کەوا ڕەنگێکی بێلایەنە، بەڵام نووسەر وریایانە دێت سوود لە نزیککردنەوەی ئەم دوو ڕەنگە وەردەگرێت و تێکەڵیەکیان دەکات و ڕەنگێکی جیاوازی لێبەرهەم دەهێنێت کە ئەویش ڕەنگی(قاوەیی)یە، بۆیە دێت ئەم ڕەنگە بۆ دەفتەرێک دەخوازێت بۆ ئەوەی دەڵالەتی مێژوویی کۆنی پێبدات کەوا بەرگەکەی لە چەرمی پێستی ئاژەڵە، ئەمەش لەپێناو ئەوەی توانای مانەوەی زیاتر بێت، بۆ ئەوەی توانای هەڵگرتنی ڕووداوەکانی تەواوی بەشەرییەت لە سەدەیەکدا هەڵبگرێ، وەک لەسەر زاری(کاکۆ)دا دەڵێ: (ئەو دەفتەرێکی قاوەیی ڕەشی هێنابوو کە ژیان و مانەوەی تەواوی بەشەرییەتی بۆ سەدەیەکی تەواو هاڕی بوو)(غەریب، ٢٠٠٩: ١٤٩) یا لە شوێنیتردا لە باسی مرواری ڕەنگەکاندا لە پەرەگرافێکدا کە(کاکۆی ژەنیاری مورادبەگ)کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە و لە ژوورێکدا نوستتوە و خەون دەبینێ، کاتێک(سیحر بانوو)ی کاراکتەر دەچێتە ئەو ژوورەی کە کاکۆی ژەنیاری تێدا نووستتوە، نووسەر وەسفی ژوورەکە و ئەو نوورە پەمەییەی کەوا سیحربانوو لەگەڵ خۆی دەهێنێ دەکا، وەک دەڵێ: (سیحربانوو چووە ئەو ژوورەی کاکۆی ژەنیاری مورادبەگی تێدا نووستووە، ژوورەکە لە ڕەنگی بەفردا غەرق ببوو، ئەو ڕەنگی پەمەیی لەگەڵ خۆی هێنا، سیحربانوو وەک نوورێکی پەمەیی دەڕژایە ژوورەکە، وەک شەکر لە ئاودا دەتوایەوە)(غەریب، ٢٠٠٩ :٢٢٧)لەم پەرەگرافەدا دووبارە دوو ڕەنگی دوو بازنەی جیاواز دەبینیین کەوا یەکێکیان ڕەنگی(سپی)یە کەوا ڕەنگێکی بێلایەنە، ئەوەیتریان ڕەنگێکە سەر بەبازنەی ڕەنگە لاوەکییەکانە کەوا ڕەنگی(پەمەییە)کە بنەچەی ئەو پەمەییەش بریتییە لە تێکەڵەی ڕەنگەکانی سپی و سوور، بەڵام ئەوەی لێرەدا توانایی نووسەر نیشاندەدات ئەوەیە کەوا ئەم دوو ڕەنگە تێکەڵ یەکدەکات بۆ ئەوەی ڕەنگێکی پەمەیی لێبەرهەم بهێنێت و بیداتە پاڵ ڕەنگێکی سپی نوورانی، بەیەکەوەش نوورێکی پەمەیی لێدروست دەکا و دەیداتە پاڵ جوانی و پاکی سیحربانووی کاراکتەر، دواتر نووسەر درێژە بە خەونی کاکۆی ژەنیار دەدات و شۆڕدەبێتەوە دیوی خەون و نەستی کاکۆمان بۆ دەخوێنێتەوە وەک دەڵێ: (ئەو لەخەو دابوو، بەسەر دەراکاندا دەفرێ، هەزار دەریا و هەزار ڕەنگ، لەقووڵایی ڕەنگەکاندا غەمباربوو، دەترسا مرواری ڕەنگەکان بکەوێتە دەستی کەسێک و بیکوشێ، زیندانی کات و بیشارێتەوە، دونیا بۆ سەردەمێک بگەڕێتەوە کە تەنها ڕەنگی ڕەشی تێدابوو)(غەریب، ٢٠٠٩: ٢٢٧) لەم پەرەگرافەدا نووسەر(خەون) دەکات بە ئایکۆنێکی سیمیۆتیکی بۆ ئەوەی ئاماژەی(خەونی لەمێژینەی میللەتی کورد، شوناسی میللەتی کورد)بەخۆی هەڵبگرێت، (دەریاکان و هەزار ڕەنگ) بەواتای درێژایی مێژوو بەهەموو جیاوازییە فکرییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاکۆ لەم خەونەدا بەسەر دەریا و ڕەنگەکاندا دەفڕێ، بەڵام لەناکاو ترس دایدەگرێ و غەمبار دەبێت، ترس لە قووڵایی ئەو ڕەنگانە، ترس لەدەستچوونی ئەو ڕەنگانەو گەڕانەوە بۆ زەمەنێک کەوا زەمەنی ڕەشە، ڕەنگی ڕەش زاڵبێت و ڕەنگەکانی تر قووتبدات، لێرە ڕەنگی(ڕەش) ئیندێکسێکە بۆ چەمکی(داگیرکەر، وڵاتانی بێگانە، فکری دۆگما)هەموو ئەمانە دەکات بە دێوەزمەیەک بۆ لەناوبردنی مرواری ڕەنگەکان و گەڕاندنەوەی بۆ خاڵی سفر، کە خاڵی جینۆساید و ئەنفالکردنی شوناسە، ئەم ڕستانە دەتوانیین بەدیوی تریش ڕاڤە بکەین بەوەی (مرواری ڕەنگەکان) دەلالەتە لە فرە ڕەنگی و فرە جیاوازی لە فیکر، پێکەوەژیان.

٧/: سیمیۆلۆژیای ڕەنگە بێلایەنەکان و هەڵگرتنەوەی دەلالەتە ئایکۆنە ڕەنگییەکان لەنێو ڕۆمانەکانی(جەبار جەمال غەریب)ەوە:

ڕەنگە بێلایەنەکان پێکدێن لە دوو ڕەنگی دووانەلێکدژ و پێچەوانە، کە ئەوانیش بریتیین لەڕەنگەکانی(سپی /ڕەش)کە دوو ڕەنگی باون لە کلتووری بەکارهێنانی ژیانی ڕۆژانەدا، لەنێو کلتوور و شارستانیەتە جیاوازەکانیشدا خاوەن دەلالەتی فرەن، ئەوەتا ڕەنگی(سپی) تەنها دەلالەتی ئەرێنی هەیە وەک دەلالەتەکانی: (ڕووناکی، ڕاستی، هیوا، چاکە، پاکی، ئاوەدانی، بەخشندەیی، میهرەبانی، خۆشەویستی، سەرکەوتن، ئاشتی، ژیان ...تاد)، بە پێچەوانەوە ڕەنگی(ڕەش) پەیوەستە بەدەلالەتە نەرێنییەکان وەک دەلالەتەکانی: (تاریکی، درۆ، بێهیوایی و ڕەشبینی، خراپە، پاکی، کاوڵکاری، نامیهرەبانی، ڕق، ژێرکەوتن، شەڕ، مردن...تاد)، لەبەر ئەوەی ئەم دوو ڕەنگە خاوەن فرەیین لە دەلالەت هەڵگرتن، بۆیە لە زۆربەی کلتوورە جیاوازەکان بە سیمبووڵکراون، ئەوەتا باڵندە و گیانلەبەری ڕەش ڕەمزی شوم و نەفرەتییەتە ئو ڕەنگی سپیش ڕووناکی و ئاشتی و ئاوەدانییە وەک کۆتری سپی سیمبوولی ئاشتییە، ڕەنگی سپی بە یەکێک لە ڕەنگە ساردەکانیش هەژمارکراوە ئەمەش بۆ ساردییەتی و ڕەنگی بەف و بەستەلەکی جەمسەرە بەستەڵەکەکان دەگەڕێتەوە(کەوا ڕەنگی بەستەلەکی باشوورە و ناسراوە بە(ئەنتارکتیکا) و بەفر و بەستەڵەک ٩٨%داپۆشیوە)(ڕەئوف،


٢٠١٨ :٥٤) ئەم رەنگە لەوەتا رەنگی رەش وەک رەنگێکی نەگریس و پڕ لە ترس و ئافاتهێن و بکوژ دراوەتە پاڵ(دێو و درنج و ئەژدیها) کەوا ئیندێکسێکە بۆ دڕندەیی لەنێو کلتوورەکان و زەینی یەکە یەکەی تاکەکانی کۆمەڵگەوە بە گەورە و بچووکیەوە، نێو کلتوورە جیاوەزەکان بەزۆری وەک رەنگێکی پۆزەتیف دەرخراوە بەوەی کەوا رەنگی رووناکی خوایە وەک لە دونیای مێتۆلۆژیا و تەنانەت کلتوورەکانیش وەک لای میسرییە کۆنەکان و جوولەکەکان هەروەها لای مەسیحییەکانیش هێمایە بۆ پاکییەتی پێغەمبەر عیسا، وە لای یۆنانی و رۆمانییەکانیش وەک رەنگی ئاشتی و پاکی و خۆشەویستی و دوورکەوتنەوە لە شەڕ و پیسی و رق خۆی هەڵگرتۆتەوە(بروانە: عمر، ١٩٨٢ :١٦٣) وە بە پێچەوانەوە رەنگی(رەش) لەنێو کلتوورە جیاوازەکان هەڵگری دەلالەت و ئاماژەی جیاوازە، ئەوەتا لەدیدگای گەڵانی عەرەب و مووسڵمانان ئەو رەنگە دەلالەتە بۆ شکان و ژێرکەوتن لە جەنگی دژ بە کافرەکان و لای شیعە مەزهەبەکانیش دەلالەتی ملکەچبوون بۆ خوا دەگەیەنێت بەڵام بەشێوگێکی گشتگیر دەلالەتێکی نێگەتیڤی هەیە، لەرووی وابەستەبوونەوەش دەیگەڕێننەوە بۆ ئەو گەڵە رەشپێستەکانی کیشوەری ئەفریقیا، ئەوەتا تەنانەت لەنێو هەر حەوت رەنگی بازنەی یارییە ئۆلۆمپییەکاندا بازنەی رەنگی رەش بۆ ئەو کیشوەرە دانراوە(بووە شوناسی ٧٥% کیشوەرەکە رەشپێست و ئەسمەرن)(رەئوف، ٢٠١٨: ٥٢).

رەنگەکانی سپی و رەش لەرووی کاتیگۆریای رەنگەکانیشەوە بە دوو رەنگی بێلایەن و دووانەلێکدژ دانراون، بەڵام هەر بەکاربەرێک تێکەڵ بە روئیای خۆی دەکات و لەوێکی تر لەمانابەخشینی پێدەدات، هەیانە دەیەوێت بەم دوو رەنگە باس لە ناخی کاراکتەرەکانی بکات بەوەی کەوا مرۆڤ پێکهاتەی دوو بازنەیە، بازنەیەکیان پڕە لە رق کە ئایکۆنەکەی رەنگی رەشە و بازنەیەکیان پڕە لە خۆشەویستی کە ئایکۆنەکەی رەنگی سپییە، ئەم دوو بازنەیە بەردەوام لە کێشمەکێشدان، کام لا بازنە بەهێزتر بێت ئاراستەی ئەو مرۆڤە رووەو ئەو لایەیە، بۆیە(رەش و سپی وەک نوێنەری هێزی چاکە و خراپە هەمیشە لە ناکۆکیدان)(حەمەد، ٢٠١٢: ٣٩٦)هاوکات ئەم دوو رەنگە ئەگەر لەرووی پلەبەندێتی ماتماتیکیانەوە لێبڕوانین ئەوە هەردوو رەنگ خاوەن ئەو پلەبەندێتییەن وەک: شێوە رەنگ سپییەکانی(سپی بەفری، سپی شیری، سپی سەدەفی، سپی کرێمی، سپی زەردباو، ..تاد) وە بەهەمان شێوە فۆرمە رەنگ رەشەکان(رەشی قەتران، رەشی تاریک، رەشی نیمچە تاریک، ...تاد) ئیدی لەو چوارچێوە هەڵخستنە دەلالەتیانەی ئەو دوو رەنگە دەمانەویت شۆڕببینەوە بۆ هەموو ئەو دەست و پەنجە نەرمکردنانەی(جەبار جەمال غەریب) کە وەک رۆماننوسێک لەنیو رۆمانەکانی لەتەک ئەو دوو رەنگە بێلایەنە وەک گەمەیەکی ئێستاتیکی و دەلالەتبەخش کردوویەتی، ئەوەتا لەنێو پەرەگرافێکی یەکێک لە رۆمانەکانی دا (دیو) وەک ئاژەلێکی بکوژ و پڕ لە سام و رەنگی(رەش) وەک دەلالەتێکی نەگریس و شومهەڵگر کە هەردووکیان لەنێو یەک بۆتەدا وەک ئایکۆنێکی سیمیۆتیکی نیشاندەدات، تەنانەت دێت دەیانخاتە نێو ئەتمۆسفێرێکی پڕ لە ترس و بەرگێکی فەنتازی پێدەبەخشێت بەوەی کەوا وەسفێکی دیوەکە دەکات بەوەی کەوا زۆر بە ئاگایە و ددانەکانی وەک شمشێر وان کەوا ئەو وەسفانە وا لەخوینەر دەکات بەوەی هەستێکیورووژێنەری لا دروست بکات و بیخاتە نێو کەشێکی فەنتازییانە وەک دەڵێ: (شازادە لە ژوورێکدا بەندبوو، یەک زەنگوڵە لەراباپەوە دێوی رەش لەم کە هەر دانێکی هێندەی شمشێرێک درێژبوو بە ئاگا دەهات)(غەریب، ٢٠٠٦: ٢١٣)کەواتە رەنگی رەش لەم کۆنتێکستەدا هەڵگری دەلالەتی شومە.

لە شوێنیتر و کۆنتێکستیتردا رەنگە دووانەلێکدژییەکانی رەش و سپی بۆ دەلالەتبەخشین بەو زەمەنەی کەوا ژیان بەسەر ئەم دوو رەنگە دابەشببوو و دوور بوو لە فرە رەنگی، دوو رەنگی رەش و سپی ئەوسا دەلالەتە بۆ یەکجۆریی لە فیکر، لە ئەداکردن، لە ژیانکردن، لە بڕیاردان، پڕاو پڕ بوو لە نائومێدی، زەمەنێک تەواو هەژار لەهەموو روویەکەوە، تەنانەت وێنەی نێو ئەلبوومەکان و شاشەکانیش رەش و سپی، ئەوەتا وەک دەڵێ:(ئەلبوومی ساڵە رەش و سپیەکانیان هەڵڕشت، وێنە سادە و بێ ئومێدەکان)(غەریب، ٢٠١٤: ٤٠)ئیدی ئەو زەمەنە رەش و سپییە گەر لەرووی رەنگەوە وەریان بگرین و تێکەڵیەکتریان بکەین رەنگی(خۆڵەمێشی) بەرهەمدێت، ئەو رەنگە دیسان دەلالەت لە دونیایی هەژاری و بێدەرەتانی چینی هەژارەکان دەکا، رۆژانە هەزار جار دەمرن و دەژینەوە، ژیانێکی مەمرە و مەژی(ئەگەر خەڵکی ئەو گەڕەکە مات و خۆڵەمێشییەی ئێمە)(غەریب، ٢٠١٤: ٣٠)لێرە رەنگی مات و خۆڵەمێشی دەلالەتە بۆ ئاستی هەژاری گەڕەکە هەژارنشینەکان، هەندێجار رەنگی رەش لەرووی سایکۆلۆژییەوە مرۆڤەکان لەناوەوەدا رووخاون و نائومێد و چارەرەشن، خاوەن دەروونێکی تاریکن و رەشبینن، ئەوەتا لە وێنەی دایکی پاڵەوانی نێو یەکێک لە رۆمانەکان(جەبار جەمال غەریب) دێت وەسفێکی ورد و جوان دەداتە دیوی ناوەوەی دایکی پاڵەوانەکە بەهۆی ئەوەی کەوا باوکی پاڵەوانەکە ژن بەسەر دایکی پاڵەوانی رۆمانەکە دەهێنێت، واتە زڕ دایکێک دەهێنێتەوە ماڵەوە ئەوەتا لە زاری گێڕانەوەی پاڵەوانەکە خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە وەک دەڵێ: (ئەو رۆژەی بابم ژنێکی تازەی هێنایەوە ماڵێ داکم دوو رۆژ بوو کراسێکی رەش رەشی لەبەرکردبوو)(غەریب، ٢٠١٣: ٨ )لەم چەند

رستەیە رەنگی رەش بەشێوەی تکراربوونەوە هاتووە واتە (رەش رەش) ئەمەش لەرووی کاتیگۆریای رەنگییەوە واتە رەشی قەترانی یا رەشی تۆخ کە دەلالەتە لە سایکۆلۆژیەتێکی تەواو هیلاک و تەواو رەشبین و بەهیچ کلۆجێک ئومێدی تێدا ناروێت کە داویەتیە دایکە ژن بەسەرهاتووەکە، لە هەندێک شوێنیتردا ئەم دوو رەنگە دووانەلێکدژە وەک دەلالەتی بێهێزی و بەهێزی، دەسەلاتداری و بێدەسەلاتی، چاکە و خراپە دەردەکەوێت وەک دەڵێ: (چەندان دەست، دەستی باریک و ناسک، دەستی پیر و چرچ، دەستی ئەستوور و رەش، دەستی سپی و بێهێز، دەستی منداڵانە و کورت)(غەریب، ٢٠١٦: ١٦٨)لەم دەستەواژانەدا وشەی(دەست) وەک مێتافۆر و زمانی خوازە بەکاربراوە، نووسەر زیرەکانە هاتووە تێکەڵ بە ئایکۆنیەتی رەنگی کردووە، بۆ ئەوەی ئیندێکسەکە و ئاماژەکە بەهێزتر بکا، ئەوەتا سیفەتی ئەستووری و بەهێزیی داوەتە (دەستی رەش) کەوا ئیندێکسی چەمکی(دەسەلاتی ستەمکاری)یە و سیفەتی باریکی و بێهێزی داوەتە(دەستی سپی) کەوا ئیندێکسی چەمکی(بێدەسەلاتی چینی گەڵ)ە، ئەوەتا لە وەسفێکی تردا کەوا بۆ پاڵەوانی رووداوەکە بەناوی(کاکۆی ژەنیار) نووسەر دێت رەنگی رەش زاڵدەکات بەسەر هەموو رەنگەکانی تر لە وێنەی رەنگەکانی سەر فەرشێک کە دیسان ئاماژەیە بۆ دەسەڵاتی هێزی خراپە، هێزی دیسپۆتیکییەت کە هەلگری ئایکۆنییەتی رەنگی رەشە کەوا دەلالەت لە تاکجۆری لە بڕیا و دەسەڵاتدارێتی وە فرە رەنگی فەرشەکەش دەلالەتە لە فرەرەنگییەت لە فیکر و پێکەوەژیانی چینەکان، وەک دەڵێ: (کاکۆ لەسەر فەرشێکی رەنگ تۆخ دانیشت، هەندێ نیگاری بازنەیی و نارێک و پڕ رەنگ رازاندبوویانەوە، راستە فەرشەکە هەموو رەنگێک بوو، بەڵام رەنگێکی رەش تێکەڵ بە شەڕابی بەسەر هەموو رەنگەکاندا زال بوو)(غەریب، ٢٠٠٩: ١٦٨)ئەوەتا رەنگە رەشەکەی زاڵکردووە بەسەر گشت رەنگەکان، ئەمەش واتای زاڵبوونی دەسەڵاتی ستەمکارییە بەسەر چینەکانی تر، یا لە شوێنیتردا رەنگی سپی داوەتە چەمکی حەق، کە لە وێنەی بریسکە نیشانیداوە کەوا ئەگەرچی تاکە بریسکەیەکیشە بەڵام لەبەر هێزی حەقانیەتی دەتوانێت سینگی تاریکییەکی چڕ لەتبکات، بریسکەی رووناکی پەیوەستە بە رەنگی سپی روون، وەک دەڵێ: (یەکەم بریسکەی رووناکی سینگی تاریکیی لەتکرد)(غەریب، ٢٠١٦: ١٤٤).

رەنگی(سپی ، سپی زەردباو) وەک لە نێو کلتووری خۆمان و زۆر لە کلتوورەکانی تردا ئاماژەیە بۆ(کفن)کەوا وەک بەرگ و پۆشاکی کەسی مردوو بەکاردێت ئەوەتا وەک(لای خێلی بۆرجین لە ئوسترالیا رەنگی مردنە، لە ئیسلامیشدا کفن)( نووسەریش بەهەمان ئیندێکس رەنگی سپی بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێناوە، ئەم بەکارهێنانەشی لەپێناو ئەوەیە رەخنە لە عەقلی کوردی و نەبوونی ئاگایی و رۆشەنبیریی کلتووری خوێندنەوە لەنێو هەموو چین و توێژەکان بگرێت بەوەی چەندە کتێبخانەی کوردی لە سەرگەردانی دا دەژیت، کەس ناهێت بەدەم کتێبەکان، بەدەم خویندنەوە، لەنێو ماڵەکان شوێن بۆ هەموو زیندەوەر و شتێک هەیە تەنانەت بۆ سەگ و پشیلەکانیان کوڵانەیان دروستکردووە، بەڵام بۆ کتێبخانە نییە، کتێبخانەیەک لەنێو ماڵەکانیان شکنابەیت، ئەگەر هەشبێت ئەوە کەس رۆژێک لە رۆژان ناچێت بەدەمیانەوە و چەند سانێک ئاوێتەی خوێندنەوەیان نابێت، وەک دەڵێ: (ئەو بەرگە رەق و ئەستوورانە بوونە تابووتی کتێبەکان، کاغەزە سپییەکان کفنن، کتێبەکانمان ناشتووە، بۆ ئەبەد لەناو کتێبخانە و تاقەکاندا ناشتوومانن کەس سڵاویان لێناکات و کەس نایانکاتەوە)(غەریب، ٢٠١٤: ٣٦)لێرەدا کاغەزی سپی بە کفن دەچوێنێت و بەرگە رەق و ئەستوورەکانیشیان بە تابووت، کە هەردووکیان(تابووت، کفن) ئیندێکسی مردنن، هاوکات لە شوێنیتر و ئەتمۆسفێری تر(جەبار جەمال غەریب) دێت لەو دوو رەنگە دووانەلێکدژەی(سپی و رەش)ەوە چەمکیکی نوێ دەخوڵقێنێت کە ئەویش چەمکی(سپێدەی رەش)ە، کە دەتوانێت دەلالەتی نوێ بەخۆی هەڵبگرێ، رەنگێکی تەواو فەنتازی و شیعرییەتامێز، رەنگێک تەواو لە دووانەی هەریەک لە سپێتی و رەشێتی پێکگرێدرابێت، بەڵام لێرەدا چەمکی(سپێدەی رەش)نووسەر بۆ سپێدەیەکی کە خۆر و ئاسۆی تێدا هەڵهاتبوو کەچی قیامەتیش بوو، بەواتە خۆر و ئاسۆیەکە رووناکییە و سپێدەیە و قیامەتەکەش رەنگە رەشەکەیەتی، وەک دەڵێ:(ئەو بەیانییە کە دواتر هەر عاشقەکان ناویانا سپێدەی رەش، دروستکردنی ئەو ناوە"سپێدەی رەش"بەو رۆحە فەنتازییەوە تاکە خۆر خۆشی بوو لە ئاسۆی ئەوان هەلاتبوو، رۆژی قیامەتیش بوو، ئەو رۆژەی ئۆرانۆس بۆ ئەبەد ونبوو)(غەریب، ٢٠٠٩: ٣٩-٤٠).




دووانەلێکدژی رەنگە بێلایەنەکان وەک گەمەیەکی دەلالەتییانەی نێو ئایکۆنەرەنگییەکان

لەو پەرەگرافەدا نووسەر دەیەوێت باس لە ئۆرانۆسی کاراکتەر بکات کە سیمبوڵی عەشق و سەرگەردانییە، چەشنی مەسیح قوربانیدەری هەموو دونیایە، کە جگە لە پیالە خوێنێکی دڵی و پارچە مۆسیقایەک هیچیتری نەبوو بیدات بە خۆشەویستەکەی.

**8/: ئەنجام:**

1-رەنگ لەلایەن نووسەرەوە بە لێزانی و ریشەیەکی مەعریفی و هزری قووڵ چنینی بۆ کراوە، بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەم کردەی ئێستاتیکا بەخشینە بە رەنگ وا لە خوێنەر بکات بە ئاگایی و وریاییەکی زۆرەوە لە رۆمانەکە بڕوانێت.

2-رەنگ وەک دیاردە و بابەتێکی سیمیۆتیکی لەنێو تەواوی کلتوورەکان ئاوڕی جددی لێدراوەتەوە، بەوەی کەوا رەنگ دەنگ و پێکهاتە و شوناسنامەیانە.

3-(جەبار جەمال غەریب)وەک رۆماننوسێکی نوێگەر بە ستایلێکی جیاوازی ویستوویەتی کۆنتێکستەکان بە رەنگ بڕازێنێتەوە, بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر خوێنەردا دروست بکات، وە زۆرترین بەرکەوتەیان لەگەڵ زەینی خوێنەردا هەبێت، بۆیە بە شوێن گەمەی داڵە رەنگییەکانی نێو کێڵگە واتاییەکان گەڕاوە بۆ ئەوەی دواجار مانایەکی هاوبەش، لەنێوان زەینی خوێنەر و گیانی ئایکۆنە رەنگییەکان بخولقێنێت، کە خودی خوێنەر هاوبەشە لە کردەی خوڵقاندنی ئەو مانا هاوبەشانە و دۆزینەوەی پردی پەیوەندییەکانیان.

4-(جەبار جەمال غەریب) وەک رۆماننوسێکی توانیویەتی سوودێکی زۆر لە تیۆرێزە رەنگییەکان وەربگرێت, لەلایەنی(سایکۆفیزیکی-سایکۆلۆژی)یەوە, هاوکات لەنێو هەناوی کۆنتێکستەکان پراکتیزەیان بکات و بیانخاتە نێو گەمەیەکی ئێستاتیکائامێزانە, لەپێناو رازاندنەوەی کۆنتێکستەکان, بەو وردە مرواریە رەنگا و رەنگانەی کەوا بەهەموو درز و بۆشاییەکان پەرت و بڵاوبوونەتەوە .

5-نووسەر توانیویەتی درک بە تەواوی بازنە رەنگییەکان بکات, لە رووی پۆڵبەندێتی و کاتیگۆریای رەنگەوە، کە دابەش دەبن بەسەر سێ بازنە , کە ئەوانیش بریتیین لە: رەنگە(سەرکەییەکان) و (لاوەکییەکان) و (بێلایەنەکان).

**9/: لیستی سەرچاوەکان:**

**1/9: کتێبەکان:**

**1/1/9: کتێبەکان بە زمانی کوردی:**

1-غەریب، جەبار جەمال، ٢٠١٦، کەوتنی ئاسمانەکان، (رۆمان) ناوەندی رۆشنبیریی و هونەری ئەندێشە/ئەندێشە بۆ چاپ و بلاوکردنەوە،سلێمانی، چ١.

2-عەلی و عەزیز، د.تاهیر محەمەد، د.قومری سەعید، ٢٠١١ ، روانین لە دەق، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بلاوکردنەوەی سڵێمانی، چاپخانەی کەمال.

3-غەریب، جەبار جەمال، ٢٠١٨، سەردەمی گریانی بەڵقیس، (رۆمان)، ناوەندی رۆشنبیریی و هونەری ئەندێشە/ئەندێشە بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، سلێمانی، چ١،

4-غەریب، جەبار جەمال، ٢٠١٣، نەتەوەی زێرابەکان، (رۆمان)، ناوەندی رۆشنبیریی و هونەری ئەندێشە/ئەندێشە بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چ١، سلێمانی.

5-غەریب، جەبار جەمال، ٢٠٠٦، لەسەر باران دەنووسم ، (رۆمان)، چ١، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.

6-غەریب، جەبار جەمال، ٢٠٠٩، پێنجەمین کتێب، (رۆمان)، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ١، هەولێر.

7-غەریب، جەبار جەمال، ٢٠٢١.بنووسە خوێن، (رۆمان)، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چ١، هەولێر.

8-رەفیق، فاروق، ٢٠٠٣ ، ستەمکاری: مەملەکەتی ترس و لەمرۆڤخستنی مرۆڤ و تیرۆرکردنی عەقڵ ، چاپخانەی رەنج.سلێمانی

9-غەریب، جەبار جەمال، ٢٠١٤.زێبرا ناوێک بۆ سەر کێڵەکەمر، (رۆمان)، ناوەندی رۆشنبیریی و هونەری ئەندێشە/ئەندێشە بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چ١، سلێمانی.

10-حەمەد، د.پەخشان سابیر، ٢٠١٢ ، رەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجیی خوارووی کوردستان ١٩٧٠- ١٩٩١، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر

### 2/1/9: کتێبەکان بە زمانی عەرەبی:

1-عبدالفتاح، رياض، ١٩٧٤، التكوين في الفنوون التشكيلية، دار النهضة العربية.

2-برادبري و ماكفارلن، مالكوم ، جيمس، ١٩٩٥، الحداثة ، ترجمة:مؤيد حسن فوزى، ط2، مركز الانماء الحضاري، حلب، سوريا.

3-عثمان، صلاح، ٢٠٠٧، الواقعية اللونية، دار الوفا، مصر.

4-الصقر، اياد محمد، ٢٠١٠، فلسفة الألوان، الأهلية للنشر و التوزيع، ط١، عمان-الاردن

5-عمر، د.احمد موختار، ١٩٨٢، اللغة اللون، عالم الكتب، القاهرة، ط،١.

6-عبيد، كلود الالوان، ٢٠١٣، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.

7-طالو، محي الدين، ١٩٩٣، الرسم واللون، ، طبعة الشام، دمشق.

8-عبدالهادي، عدلي محمد ، ٢٠٠٦، مبادئ التصميم اللون، مكتبة المجتمع العربي، ط١، عمان-الاردن.

### 2/9: نامە ئەکادیمییەکان:

### 1/2/9: نامە ئەکادیمییەکان بە زمانی عەرەبی:

19-علي، هيام عبدالكريم عبدالمجيد، ٢٠٠١، دور السيمائية الغوية في تاويل النصوص الشعرية(شعر البردونى نموذجا)، ، الرسالة الماجستير، كلية الدراسات العليا، الجامعة الاردنية.

20-حسن، نارمين محب عبدالحميد، ٢٠١٨، توظيف اللون في شعر ابن الرومي، رسالة دكتوراه، جامعة الزقازيق، كلية الاداب، مصر.

21-المصري، نائل درويش سليمان، ٢٠١٤، سيمياء الألوان في شعر بلند الحيدري، رسالة ماجستير، الجامعة الاسلامية-غزة، كلية الاداب.

### 2/2/9: نامە ئەکادیمییەکان بە زمانی ئینگلیزی:

22-London ، ،masters ، color: A visual history of color from its ancient beginning to the work of ، 1993 ، Alison ،col

### 3/9: گۆڤار و ڕۆژنامەکان:

-23رەئوف، د.لوقمان، ٢٠١٨، سیمیۆلۆژیای رەنگ لەشیعری شێرکۆ بێکەس دا(دیوانی رەنگدان بە نموونە)، گۆڤاری کۆنتێکست، ژمارە(٢-٣)، ساڵی یەکەم، ئایاری.

-24 عەبدوڵڵا، پەروین (1999)، شیعری وێنەی، گ. رامان، ژ. 36، هەولێر.

-25 عەبدوڵڵا، دڵشاد (2006)، چاوپێکەوتن، ئازاد عەبدولواحید، گ. ڕامان، ژ. 103، هەولێر.

-26مەسیفی، ئەنوەر (2005)، فۆڕمی گران، گ. شین، ژ. ١٥، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

**سيميائية الألوان و تقفي دلالة الأيقونات اللونية**

**في بعض روايات (جبار جمال غريب)**

**سردار احمد حسن گردی**
كلية التربية،قسم الكوردي،
جامعة صلاح الدين-أربيل

**عبدالستار بيرداود حسن**
كلية التربية،قسم الكوردي،
جامعة صلاح الدين-أربيل

**ملخص**

هذا البحث الموسوم {سيميائية الألوان و تقفي دلالة الأيقونات اللونية في روايات (جبار جمال غريب)}، محاولة لإلقاء الضوء على موضوع ثري و ذو أهمية وتأثير بالغين، من أجل تعريف سيميائية اللون كمصطلح، و تتبع آراء الباحثين من ناحية اللغة و فيزياء الألوان و علم النفس.

يتبع هذا التعريف، عرض و تعريف فئات و عوامل اللون اللغوية، ثم يأتي عرض لأهمية و منزلة الموضوع كأيقونه سيميائية في فضاء الرواية الرحب، حيث لم يتم التطرق الى عرض هذا الموضوع بصورة وافية في فضاء الرواية المليء بالعناصر و المقومات و الأساليب.

من جانب آخر، تم التطرق الى الجوانب الخفية لدلالة الألوان كظاهرة سايكوفيزيائية، و تم تتبع دلالات الأيقونات اللونية الواقعة وراء المراجع الجمالية و الخيالية ذات الدلالة اللغوية. لقد تمت دراسة تلك الايقونات في ضوء النظريات السايكوإجتماعية، وتم البحث عن قصد المؤلف بين جمالية الألوان في الوحدات الظاهراتية للألوان في اللغة.

**الكلمات المفتاحية:** الألوان كأيقونات، الفئات اللونية، وظائف الألوان، سيميائية اللون، مرجعية الألوان.

**Some Selected Novels of Semiology of Color and Carrying the Color Icons' Meanings in**

**Jabar Jamal Gharib's**

**Sardar Ahmad Hasan Gard**
Departmen of Kurdish,College of Education,
Salahaddin University- Erbil

**Abdulstar Perdawd Hasan**
Departmen of Kurdish,College of Education,
Salahaddin University- Erbil

**Abstract**

This study is entitled "Semiology of Color and Carrying the Color Icons' Meanings in Jabar Jamal Gharib's Novels". The study focuses on a vital and effective subject in order to introduce the semiology of color as a term psychology. It also lays ،physics ،and present the perception of researchers in that regard in terms of linguistics position and ،significance ،definition and categories of color and presents the value ،emphasis on the concept the current ،role of this subject as an icon of semiology within the framework of the novel genre. In addition study is concerned with illustrating the hidden semantic aspects of color as a psychophysical phenomenon and bearing the meaning of color icons beyond the indexes that are like aesthetic and fantasy games carrying various meanings. These are all interpreted in terms of a socio-psychological theory. And the writer's message beyond the iconicity of this aesthetic color scheme is highlighted.

**Key words**: Color as an icon ،semiotics of color ،color functions ، color category color indexation